ئازادی کۆمەڵگە
FREEDOM OF SOCIETY
ژمارە(٥١) پاییز(٢٠٢٦)
سیاسیـــــــة، اجتماعیة فصلیة

# گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کورستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێوانەی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید



ڕێزێک بۆ

## شەهیدانی حەلەب

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئــەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥١ پاییز ٢٠٢٦



ڕێزێک بۆ

# شەهیدانی حەلەب

شەهیدان:

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین




**بەشداران**

جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییز ٢٠٢٦

**٥١**

**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ

عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە

زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ

ڤێرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك

سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کورستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!

سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی

هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت-نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و دارشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت-نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



# هزرینی ئۆجالان؛

## پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## پوختە

ئـەم وتـارە دەكاریـت دەسـتەواژەی «ئادەمیـزادی كۆمۆنیـكاڵ» لـە چێوەی «كۆمەڵگـەی ئەنتیگراسـیۆنی ئازاد»ـدا، بـەو جـۆرەی لـە هزرینی ئۆجالاندا هاتووە، بەسـەر بكاتـەوە. ئامانج لێگەڕینـە بـەدوای پرۆسێسـی پێناسـەكردنەوەی سـوبێكتی مرۆییدا، ئـەوێ سـوبێكتەی وا خـودان ویسـتی ئـازاد و ژیانـی ئـازادە، نـە لەنـاو كۆمـەڵ و چیـن و توێـژدا دەتوێتـەوە و نـە بیچمـی وەڕسـی تاكگەرایـی خۆپەرسـتانەی لیبراڵیـش بەخـۆوە دەگرێـت، بەڵكـوو بـە خاوندارێتیـی لـە خەسـڵەتی تاكێتیـی خـۆی، لـە پەیوەندییەكـی هاوسـەنگ و هاوئاهەنگدایـە لەگـەڵ كۆمەڵگەكەیـدا و لەنـاو ڕایەڵـی پەیوەندییەكـی ئـازاددا، مرۆڤبوونـی خـۆی ئەزمـوون دەكات. كۆمەڵگـەی ئەنتیگراسـیۆنی ئـازاد، یـان ئەنتیگراسـیۆنی دیموكراتیـك، ڕووبـەری لەدایكبوونـی مرۆڤـی كۆمۆنیـكاڵ و ئـازادە، ئـەوە بۆیـە ئۆجـالان ئازادیـی خـۆی بـە ئازادیـی كۆمەڵگـەوە گـرێ دەدات. لـە كاتێكـدا زەینییەتـی دەوڵەت/كۆمەڵگـەی چینایەتیـی، مـرۆڤ تـا ئاسـتی یەكەیەكـی بیرۆكراسـیی/ئابووریی دادەلەنگێنێـت، كۆمەڵگـەی ئـازاد، مـرۆڤ بـۆ ئاسـتی بوونەوەرێكـی ژیاندۆسـتی خـودان ویسـتی ئـازاد بڵنـد دەكاتـەوە.

## دەستپێک

ئۆجالان پێی وایە کۆمەڵگە لە دەوڵەت ڕەسەنترە، ئۆجالان یەژێت، کۆمەڵگە لەباران ڕایکرد، بە تەرزە دووچار بوو(i). وردتر بدوێین، کۆمەڵگە لە ئاڵنگارییەکانی سرووشت خۆی قوتار کرد، وەلێ دووچاری دەوڵەت بوو. نها دەوڵەت، کە لە هزرینی ئۆجالاندا، کۆمەڵگەکوژییە، مەرگ پیشانی کۆمەڵگە دەدات، تاکوو بە «تا» ڕازیی بێت. لێرەوە پرسی دەوڵەت لەم وتارەدا، هەر بە تەنێ ئارێشەیەکی دەزگەیی نییە، بەڵکوو پرسێکی مرۆڤناسیی و دەروونییشە. مەترسییەکە لەوەدایە، دیرۆکی دەسەڵات سەلماندوویەتی، دەوڵەت هەر بە «هێز» مانەوەی خۆی دەستبەر نەکردووە، بەڵکوو لە ڕێگەی دەروونیسازیی و ناونیشنبوونی خۆیەوە چون «بابەتێکی سەلماوی قسەبڕ»، جەستەکان، هەستەکان و زەینی کۆمەڵایەتیی داگیر کردووە. تا ئەو جێیەی نها کۆمەڵگەی دەوڵەتگەرا، لەدەستدانی دەوڵەت، بە لەدەستدانی نەزم، مانا و ئاسایشەوە گرێ دەدەن. ئەم وتارە دەکارێت پیشانی بدات چۆن ئۆجالان بەگژ ئەم پێوابوونەدا دەچێتەوە؛ دەوڵەت چارەنووس نییە، دیاردەیەکی سیاسییکرد و دیرۆککردە و لادانێک بووە و قەوماوە.

لەم وتارەدا بەر ئەو ڕاستییە دەکەوین، کۆمەڵگەی چینایەتیی دەوڵەتخواز، چارەنووسێکی حاشاهەڵنەگر نەبووە و نییە، بەڵکوو پچڕانێک بووە لە ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکاندا ڕووی داوە. لێگەڕین بەناو کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتی نیۆلەتیک و کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، هاوئاهەنگیی، هاریکاریی و

(i) عەبدوڵڵا ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازادیی (سۆسیۆلۆژیای ئازادیی) کتێبی سێیەم، وەرگێڕ؛ لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، دەزگەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠١٠، ل ١٠٦.

خۆبەڕێوبەریی کۆمەڵایەتیی هەر زۆر پێش دەوڵەت لە ئارادا بوون و نەک هەر دۆخێکی ئاوارتە نەبوون، بگرە بناغەی ژینی مرۆیی بوون.

ئەم وتارە ئەوە دەخاتە ڕوو، دەوڵەت بە چڕکردنەوە و پەخشکردنەوەی دەسەڵات بە ناو تۆڕی بیرۆکراسییدا، ئافراندنی زنجیرەی پلەبەندیی و چینایەتیی، پاوەجێکردنی دابەشکردنی کار، هەر بە تەنێ کۆمەڵگەی بەسەر چین و توێژدا پەرت نەکرد، بەڵکوو ئادەمیزادیشی بۆ سوبێکتێکی بیرۆکراسیزەکراو دابەزاند، سوبێکتێک کە «کارکردەکەی» لە پێش «هەبوونە مرۆییەکەی»ـیەوە دانرا؛ تاکێکی تواوە لە هەمەکییەکی بێ ڕووخساردا، ونبوو لەناو ڕستێک ڕێوڕەسم، فۆرم و ئەقڵانییەتی ئامرازییانەدا. گریگۆری سامسا وێنەنوێنی ئەم تاکە هەرەسپێهێنراوەیە؛ جەستەیەک چیتر توانای بەرهەمهێنانەوەی ڕۆڵی «کارکردی»ـی خۆی نەماوە، هەرکە نەیتوانی بەسوود بێت، لە بازنەی مانا هەڵدەدرێتە دەرەوە.

لێرەدا وتارەکە کنەی پرسیاری ئاوهایی دەکات: بۆچ ئەمە ڕووی دا؟ بە گوتەی ئۆجالان نەدەکرا بەبێ دەوڵەت، کۆمەڵگەی نیۆلەتیک ئامبازی قۆناغێکی تر ببێت؟ کۆمەڵگەی پێش دەوڵەت و بەبێ دەوڵەت چۆنە و پەیوەندییەکانی ناو ئاوها کۆمەڵگەیەک چۆنن؟ چۆن ئەم لیڤایسانە هێنرایە ناو کۆمەڵگەوە و چۆن ڕەوایتیی پێ درا؟ چۆن زەینی کۆمەڵایەتیی جادووی لێ کرا و خاپێنرا؟ بۆچ دەوڵەت هەر بە تەنێ کۆمەڵگەکوژیی نییە، بەڵکوو گۆڕینی ئادەمیزادیشە لە بوونەوەرێکی ئیرادەخوازەوە بۆ تاکێکی فەرمانبەسەرداکراو؟

ئەم پرسیارانە لەسەر بناغەی پرسێکی ڕیشەییتر چێ دەکرێن؛ چۆن چییەتیی دەسەڵات، لە قاڵبی بیرۆکراسیی (فەرمان/گوێڕایەڵی)ـیی دەوڵەتدا، دەروونیی و ناونشین بووەتەوە و زەینی کۆمەڵایەتیی ئادەمیزادەیلی ڕەنگرێژ کردووە؟ لە ڕەوشێکی وەهادا، کۆمەڵگەی چینایەتیی/دەوڵەتگەرا، هەر بە تەنها بیچمێکی دەزگەیی و ئوبێکتیڤیتە نییە، بەڵکوو کۆدی دەسەڵاتی (ستوونی/سەرکوتکارانە)ـی خۆی لە زەین و جەستەی کۆمەڵگەدا هەڵکۆڵیوە و لە میانەی تۆڕێکی پلەداریی (فەرمان/گوێرایەڵی)ـیدا خزاوەتە ناو نەستی هەمەکییەوە، کەواتە ڕۆژەڤ و ئاسۆی ڕزگاری لەکوێدایە؟ چونکە لەم دۆخەدا شۆڕشگێڕانیش بەوەدا زەین و جەستەی کۆمەڵایەتییان هەڵگری هەمان کۆدی پلەداریی دەسەڵاتە، هەر دەسەڵاتی سەرکوتکار بەهەمان بیچمی بیرۆکراسیی (فەرمان/گوێڕایەڵی)ـیی دەوڵەتەوە بەرهەم دەهێننەوە. وەکوو ئەوەی سەرکوتکراو، یان کۆیلە، لەبری خۆدابڕان و خۆڕاپسکان لە لۆژیکی سەرکوتکار و ئاغاکەی، تەنها جێگە و پێگەی خۆی لەگەڵیدا بگۆڕێتەوە و پەیوەندییەکانی هێز بە دەستلێندراوی بمێننەوە.

لێرەدا میتۆلۆژیی (بازنەی کوماربی)ـی میتانی/هۆریی(i) بە قەرز وەردەگرم تاکوو ئەم پرسەی پتر پێ ڕوون بکەمەوە. لەم ڕاڤەیەی ئێمەدا، بازنەی کوماربی، یان جەنگی خودایانی میتانی/هۆری، سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایتیی نییە بە سەر پەیوەندییە

---

(i) بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
Harry A. Hoffner, Jr: Hittite Myths, Atlanta, GA: Scholars Press / Society of Biblical Literatur, Atlanta, Georgia, USA ١٩٩٨.

نەریتییەکانی دەسـەڵاتی ستوونییدا؛ بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی هەمان نەریتـی دەسـەڵاتە. لـەم بازنەیـدا، ئانـۆ، خـودای ئاسـمان، وێنەنوێنـی دەسـەڵاتی هەرەمی/سـتوونیی، فەرمانـدەر و خـودان ڕەوایەتییەکـی ئاسـمانییە، کوماربی خوداوەنـدی ژێرزەمیـن و دەغڵـودان، نۆ سـاڵی ڕەبـەق مەیگێـڕ و خزمەتـکاری دەربـاری ئانـۆ دەبێـت و ئـەم نـەزم و نەریتـەی دەسـەڵات دەپەروەرێنـی. پـاش نـۆ سـاڵان، یاخـی دەبێـت و دەچێتـە مەیدانخوازیـی ئاغاکەیـەوە، تەختـی خوداوەندیـی لـێ زەوت دەکات، بـەڵام لـەم جەنگـەدا چونکـە کوماربـی گاز لـە چوکـی ئانـۆ دەگرێـت، تـۆوی خوداوەندانـەی ئانـۆ دەزێتـە نێـو جەسـتەی کوماربییـەوە؛ تـۆو لێرەدا هـەر تەنهـا وەک هەڵگـری کـۆدی بنەچەکـی خودایـان وەر ناگریـن، بەڵکـوو کـۆدی بەرهەمهێنانـەوەی دەسـەڵاتە. تـۆوی ئانـۆ، لـە جەسـتەی کوماربییـدا گەشـە دەسـەنێت؛ تیشـووبی خوداوەنـدی باهـۆز و زریـان لـەم تـۆوەوە دێتـە بـوون و لـە باوکـی خـۆی، یـان دروسـتتر بڵێـن لـە کوماربـی یاخـی دەبێـت؛ جەنـگ، ململانـێ، پیلانگێڕیـی، تۆڵەکردنـەوە و فێـڵ درێـژەی دەبێـت. لێـردا پەیوەندییەکانـی دەسـەڵاتی سـتوونیی هـەر لەجێـی خۆیانـدان، تەنهـا لـە خودایکـەوە بـەرەو خودایەکـی تـر جێگـۆڕکێیـان پـێ دەکرێـت و لـە جەسـتەی خودایەکـی تـردا بەرهـەم دەهێنرێنـەوە؛ کوماربـی پـڕی بـە تەختـی خوداوەندیـدا کـرد و لەگەڵیـدا کـۆدی ژێنەتیکیـی دەسـەڵاتیشـی قـوت دا، لـە قاڵبـی تیشـووبدا، خـودای باهـۆز و زریـان بەرهەمـی هێنایـەوە؛ پەیوەندییەکانـی هێـز، پیلانگێڕیـی و جەنـگ وەکـوو خۆیـان مانـەوە و درێژەیـان کێشـا.

دەلوێت بڵێن دەوڵەت (ئانۆ)، وەها دەروونیی بووتەوە، دەسەڵاتەکەی نامرێت، بەڵکوو لە جەستەی شۆڕش و یاخیبوونەکاندا خۆی ڕێک دەخاتەوە. چۆن لەم گەمارۆییەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات ڕزگارمان بێت و هێڵی شۆڕشگێڕیی ڕزگارییبەخش لە کوێدایە؟ چۆن دابڕان و خۆڕاپسکان ڕوو دەدات؟ هەروەکوو چۆن والرشتاین ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبوو کام بەرە و کام لایەنی دژبەری ناو سیستەمی باڵادەستی ئەمڕۆی جیهان ململانییەکە لە بەرژوەندیی خۆی بەلادا دەخات؛ مەگەر لایەنی سەرکەوتوو لە بەرهەمهێنانەوەی هەمان پەیوەندییەکانی هێز بترازێت، جیهانێکی تر دەئافرێنێت؟ نەخێر، ئەوەی لە گۆشەنیگای والرشتاینەوە گرنگە ئەوەیە چۆنچۆنی سیستەمی نوێ بئافرێنرێت و هێزی ئافرێنەریش خۆی لە ئیدۆلۆژییەکانی ناو سیستەمی باڵادەستی جیهان ڕاپسکاندبێت و سەرومڕ چاوی لە ئاسۆیەکی تەواو نوێ و جیاواز بڕیبێت؟ (i)

ئەم وتارە دەخوازێت هێڵی فیکریی ئۆجالان وەک ئەو هێزە ئافرێنەرە پیشان بدات وا خۆی لە زەینی کۆمەڵگەی چینایەتیی دەوڵەتخواز ڕاپسکاندووە. لەم جوغزەوە، بیرۆکەی «تاکی کۆمۆنیکاڵ» و «کۆمەڵگەی ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیی»، چون وەک ئاسۆی ڕزگاریی دەخرێنە ڕوو؛ ئاسۆیەک کە ڕزگاری نەک لە دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت، بەڵکوو لەو دیو دەوڵەتەوە دەبینێت. ئەوەش لەبەرچاو دەگرین، ڕزگاریی، گەڕانەوەی نۆستالژیکیانە نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکوو ئافراندنەوەی ئاگامەندانەی پەیوەندییە

(i)Etienne Balibar and Immanuel Wallerstein: Race, nation, class: ambiguous identities, translation by Chris Turner, press VERSO, London ١٩٩١, p ٣٦.

کۆمەڵایەتییەکان، ئەخلاقی کۆمەڵ و خۆسەریی دیموکراتیکە؛ جووڵەیەکە لە مرۆڤی بیرۆکراسیزەکراوەوە بەرەو ئادەمیزادی پەیوەندییخواز، لە کۆمەڵگەی فەرمانبەسەرداکراوەوە بەرەو کۆمەڵگەی خۆبەڕێوبەر.

## ئاوڕدانەوەیەک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت

پێش سەرهەڵدانی دەوڵەت و چڕبوونەوەی دەسەڵات، داخۆ کۆمەڵگەی پێش_دەوڵەتیی چۆن بووبێت؟ گرنگە لێگەڕێنێک بەناو ئەم باسەدا بکەین و چییەتیی تاک و پەیوەندییەکانی ناو ئەم چەشنە کۆمەڵگەیانە بەسەر بکەینەوە. ئاخر ئۆجالان وەها بە کۆمەڵگەدا هەڵدەڵێت و وەکوو خاڵی پێچەوانەی دەوڵەتی دادەنێت، وەختە مرۆ بێژێت؛ کۆمەڵگە عەدەنی لەدەستچووە. دەبێت بزانین کۆمەڵگە نادەوڵەتییەکان، چ خەسڵەتێکیان هەیە کە ئۆجالان مکووڕانە جەخت دەکات: یان کۆمەڵگە یان هیچ شتێک.

بەڵام لێرەدا گرفتێک لەئارادایە، زەینییەتی دەوڵەت داگیری کردووین و ڕەنگ بێت ئاسان نەبێت لە دەرەوەی پێکهاتەی دەوڵەت/ کۆمەڵگەی چینایەتییدا لێگەڕێین بۆ جۆرێکی تری ڕێکخستنی پەیوەندییەکان بکەین.

یانەخۆ وەکوو کلاستەرس دێژێت، تۆ بڵێی بلوێت و بتوانرێت پرسیاری شێلگیرانە لەمەڕ «دەسەڵات» بئافرێنین؟(i) ئەم پرسیارەی

(i)Clastres, Pierre. Society Against the State: Essays in Political Anthropology. Translated by Robert Hurley and Abigail Baskin. New York: Zone Books, ١٩٨٩. P .٧

کلاستەرس زادەی ئەوەیە ناوبراو لای وایە چێوەبەندیی مێژوویی، کە زەینمانی دەورپێچ داوە، ڕێگرە لەوەی لە پێکهاتەی سیاسیی و چیەتیی دەسەڵات لە کلان و کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا تێبگەین. دیرۆک وەها گەمارۆی داوین، دەسەڵاتی بیچمگرتوو لە شێوەی دەوڵەتدا، ئاساییترین و سرووشتییترین شێوەی دەسەڵاتە لە کن ئێمە و ئاستەمە بلوێت شێلگیرانە بپرسین؛ داخۆ دەلوێت دەسەڵات لە بیچمێکی تردا ڕێک بخرێت؟

کلان و کۆمۆنەکان، کۆمەڵگەی پێش دەوڵەتیی بوون، لێگەڕینەکان ئەوەیان بەدەست هێناوە، میکانیزمی ناوەکیی ئەم کۆمەڵگەیانە و چییەتیی پەیوەندییە ناناوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، ئاگامەندانە ڕێگر بووە لە چڕبوونەوەی دەسەڵات و هێز لە دەستێکدا. وەکوو بڵێیت لە سەرووی دەسەڵاتی چڕبووەوەی دەوڵەتئسادا، جیهان جۆرە جوانییەکی ئاڵۆزی تێدا بێت و لەپێناو دیدتنی ئەو جوانییەدا، پێویست نەکات هەوری ڕەشی دەوڵەت ئاسۆکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان بتەنێت. دانایی بەرینئۆڕین و دیتنی سرووشت و جیهان چون یەکەیەکی زیندووی خاوەن گیان، هەروەتر کرانەوە بەسەر فرەچەشنیی لەناو یەکێتییدا، ڕەنگرێژی زەینیی کۆمەڵایەتیی ئەم کۆمەڵگەیانەی کردووە، ئوستوورەکانیان گەواهیدەری ئەم ڕاستینەیەن. ئەمە ئەو تایبەتمەندییە، کە ڕێکوڕەوان لە ئێمەدا بوونی نییە.

مۆرای بۆکچین کۆمەک لە میتۆلۆژیی «ئۆدین»ی ئەسکەندنافیایی وەردەگرێت تاکوو ئەوە بەرباس بدات چۆن نۆڕینی تاکرەهەند و زانستخوازیانەی ئێمە، با نیگایەکی قووڵ و ورد و خودان ئەندازەیەشی

پـێ دابیـن، نیعمەتـی بەرینئۆڕیـن و فرەڕەهەندبینـی و بـە ڕەنگاڵەیـی دیدتنـی ئیکۆلۆژیـای لـێ سـەندووینەتەوە و لـە «کۆنترۆڵکـردن»، «بەگەڕخستن» و «ڕنینەوە»ـی سرووشت بەولاوە، لیمان ناوەشێتەوە بچینـە پەیوەندییەکی هارۆمۆنیی و هاوسـەنگەوە لەگەڵ سروشـت. وی دەبێژێـت، ئۆدیـن لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی «ژیریی»ـدا، لـە کانیاوێکـی جادوویی کـە درەختی جیهان تێراو دەکات، دەنۆشـێت، ژیریی بەدەست دەهێنێت، نۆڕینێکی ورد و قووڵبینیشـی پێ دەدرێت، بەڵام لە سـزای ئەم ڕەفتارەیدا چاوێکی لـە دەسـت دەدات، نها ئـەم ژیرییـە وردبینـە و ئـەم قووڵنۆڕینـە بـە مرۆڤێکی یەکچـاو دراوە کـە تاکڕەهەندانـە دنیا دەبینێت! نها زانسـت چـون خودایەکی تاکچـاو، بـە نۆڕینێکـی «دوژمنکارانـە» و «پاوانکارانە»ـەوە سـەیری سرووشـت دەکات، ئـەو ژیرییـەی ئۆدیـن لـە میتۆلۆژییـە ئەسکەندنافیایەکەدا سـەر بۆ «ڕەگنـارۆک» دەکێشـێت، واتە کەوتنی خـوداکان و وێرانبوونـی جیهـان، ئەمڕۆکەیـش ئا ئـەم «ژیرییـە تاکڕەهەندە»ـمان، لێوانلێوە لـە ئاسـۆی سـامناک!(i)

کەواتـە داناییەکی زەینڕۆشـن، جیهانبینیی ئادەمیزادی ناو کۆمەڵگە بێ دەوڵەتەکانـی خاڵکـوت کـردووە، ئەمـەش زەمینەڕەخسـێن بـووە بـۆ ئاواکردنـی پەیوەندییەکـی تـژی لـە هەماهەنگیـی لەنێـوان تـاک، بـە خەسـڵەتی تاکێتیـی خـۆی و کۆمەڵەکـەی و پاشـان کۆمەڵگـە و سرووشـتی دەوروبـەر و جیهـان.

دەلوێـت بلێیـن لـە کلان و کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکاندا، یەکێـک لـەو

---

(i) ماری بوکچین: بوم شناسی آزادی، ظهور و ازهم پاشیدگی طبقات، به همت روبرت سپانیان، کمال محمودی، انتشارات طبیعتگرایی دیالکتیکی (www.dialecticalnaturalism.com)، ص ٨١–٨٢.

هۆکارانـەی زەمینـەی پێویسـت دەسـتبەر دەکەن تاکوو تـاک ئەرخەیان و بـە ویسـتی ئازادانـەی خـۆی چـون ئادەمیزادێکی کۆمۆنیکاڵ، ڕەفتار بکات و لـە پەیوەندییەکی ئازادانـەدا بێت بە دەسـتە و کۆمەڵەکەیـەوە و لەوسـەریشـەوە ئیرادەی خۆسـەرانەی پارێزراو بێت، بێ لـە دانایی، بریتیبێـت لـە نەبوونـی «زۆرەملێیی»ـی ڕێکخـراو و ڕەوایەتیپێـدراو. لێگەڕان و توێژینەوەکان ئەوەیان بە دەست خستووە، نەبوونی جۆرە زۆرەملێییەکـی ڕێکخـراوی فەرماندەرانـە، کـە لـە قاڵبـی دامودەزگـەی بیرۆکراسـییەتی بێگیانـدا هەڵکێشـرابێت و تاکـەکان ناچـار بـە بێگاریـی و ڕەتانـەوە بـکات، یەکێـک بـووە لـە تایبەتمەندییەکانـی کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان. دەردی کلاسـتەرس دەیگـوت، ئـەرێ بەڕاسـت بـۆچ دەبێت خەڵکانێک وا لەنـاو ئـەم کۆمەڵانـەدا دەژیـن، پتـر کار بکـەن و زیاتـر بەرهـەم بهێنن، لە کاتێکدا بە ڕەنجێکی کەم و چالاکییەکی دوور لـە هەڵپـەی ڕۆژانـە، پێویسـتییەکانی کۆمەڵەکەیـان دەسـتبەر دەکـەن؟ زێدەبەرهـەم بـە چ دەردێکیـان دەخوات؟ مرۆڤەکان تەنها سـەروەختێک لەسەروو نیاز و پێویستییەکانیانەوە کار دەکەن، ناچار کرابن، کتومت ئـا ئـەم «ناچارییـە» لەنـاو جیهانـی بەراییـدا بوونـی نییـە؛ نەبوونـی ئـەم هێـزە دەرەکییەیـە چیەتیـی کۆمەڵگـەی سـەرەتایی دەستنیشـان دەکات.(i) نەبوونـی «زیدەبەرهـەم» کـە دەسـەڵاتی فەرماندەرانـەی دەوڵەتـی لەسـەر کرِ کەوتبێت، یان بە مانا کوردەوارییەکەی، نەبوونی ماڵـی سـپی بـۆ ڕۆژی ڕەش، بەمانـای دەسـتخەڕۆیی و کیمیایەسـیی ئـەو کۆمەڵگەیانـە نایـەت، لـە دیـدی کلاستەرسـەوە، ئـەوە چاوانـی

(i)Clastres, Pierre. Society Against the State: Essays in Political Anthropology. Translated by Robert Hurley and Abigail Baskin. New York: Zone Books, 1989. P189-190 .

بـە ئـاوی قازانجویسـتی شـۆرردراوی ڕۆژئاوایـە باسـەکە ئاوهایـی دەبینێت و ئەقڵی ئابووریـی سیاسـیانەی ئێمەیـە کـە بـە جۆرێـک بـە قوڕی کۆمەڵگەی چینایەتیی/دەوڵـەت مشـتومال دراوە، ناتوانێت ئـەوە ببینێت نەبوونـی زیدەبەرهـەم و کەڵکەکردن، پاسـیڤبوون نـا، بەڵکوو ڕەفتارێکی ئاگامەندانـەی ئـەو کۆمەڵگـە سـەرەتاییانە بـووە. سـەرۆک و پیـری نـاو ئـەم کۆمەڵگـە بێ دەوڵـەتانـە، وەکـوو وێنەنوێنـی دانایـی و حیکمـەت، ئـەوە هیـچ خـودان هـەرەمـی فەرمانکـردن نەبـووە، بەڵکوو هـەر لـە بنەڕەتـەوە ژێردەسـتەکانی لـێ ناخۆڕێت، بەڵکـوو لەگەڵیانـدا دەوەسـتێت.(i) دەی ئاخـر مەگـەر ئـەم کۆمەڵگەیانـە لـە پەیوەندییەکـی هاوسـەنگ و گیانیـدا نەبـوون لەگـەڵ ئیکۆلۆژییەکەیانـدا؟ ماهییەتـی وردچنراوی پەیوەندییەکانی نـاو هەنـاوی ئـەم کۆمەڵگـە سـەرەتاییانە و پاشـان پەیوەندییان بە سرووشـتەوە، شـێوازی کار و بەرهەمهێنانی یـەکلا کردووەتـەوە، سرووشـت بابـەت و ماتەوزەیـەک نەبـووە بـۆ گەمـارۆدان، پۆلێـن، وەبەرهێنـان و ڕنینـەوە، بەڵکـوو سرووشـت خـودان گیانێکـی زینـدوو بـووە.

پەیوەندیی کۆمۆنیکاڵی تـاک بە دەسـتەکەیەوە، ویسـتی ئازادانـەی ژیـان، پەیوەندیـی تـاک و کۆمـەڵ بـە ژینگـە و سرووشـتەوە، لـە کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکاندا، هێنـدە هاوئاهەنـگ بـووە، کـە دەرئەنجـام چـۆن تـاک لـە چێوەبەندیـی «بەرپرسیاریەتیی»ـی و «پاراستن»ـدا ڕەفتـاری لەگـەڵ دەسـتەکەیدا کـردووە، ئاوهایـش لەنـاو سرووشـتی زینـدوودا جووڵاوەتـەوە. دەرئەنجام بـوار بـە خـۆم دەدەم خاکەڕایانـە

(i) ماری بوکچین: بوم شناسی آزادی، ظهور و ازهم پاشیدگی طبقات، به همت روبرت سپانیان، کمال محمودی، انتشارات طبیعتگرایی دیالکتیکی (www.dialecticalnaturalism.com)، ص۸۷ .

ئـەوە بڵێـم، سرووشـت بابـەت نەبـووە و تاکـی نـاو کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکانیش، خـودان «سوبێکت»ـێکی زەیـن کۆدرێژکـرای دەسـت کۆمەڵگـەی چینایەتیـی نەبـووە کـە هـەر دەبێـت سرووشـت پـاوان، پارچەپارچـە و داگیـر بـکات. مـۆرای بوکچیـن گەپچاڕانـە زەینـی مرۆڤـی مۆدێـڕن بەسـەر دەکاتـەوە و دەپرسـێت، داخـۆ «دیرۆکـی سرووشـت»، چڵکاوێکـە و بـە ئادەمیـزادەوە نووسـاوە و لەمپـەری بـەردەم گەشەسـەندنییەتی، یانیش نا، سرووشـت «دایکێکی دووگیان»ـە.(i) زەینـی تاکـی نـاو کلان و کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان، سرووشـتیان چـون دایکێکـی دووگیـان و میهرەبـان و بڕێـک جـار تـوورە، دەبینـی، لـە کاتێکـدا وەکـوو بوکچیـن ئامـاژەی پـێ دەدات، زەینـی مرۆڤـی نـوێ، چـون چڵکاوێـک لـە سرووشـت دەنۆڕێت. جـا مۆرای بوکچین دەڵێت؛ چ وەکـوو چڵـکاو وێنـای بکەیـن و چ وەکـوو دایکێکـی دووگیـان، دیرۆکـی مـرۆڤ هـەرگیز ناتوانێت خـۆی لەگـەڵ ئا ئـەم «سرووشـت»ـە جـودا بکاتـەوە و ئاوێتـەی یەکتـرن.

کۆمەڵگەکانـی ئـەو سـەروەختە، بەهـۆی هاوئاهەنگیـی بەهێـزی ناوەکییـان و هاوئاهەنگییـان لەگـەڵ سرووشـتدا، بە حەق شـیاوی ئەوەن بـە کۆمەڵگـەی ئۆرگانیک ناودێر بکرێن، لـە زەینی ئادەمیزادی نـاو ئەم کۆمەڵگەیانـەوە، تاکـەکان و شـتەکان، نـە سـەرتر، نـە خوارتـر، نـە باش و نـە خـراپ بـوون، بەڵکـوو تەنها جیاواز و هەمەچەشـن بـوون.(ii)

تاکێتیـی و تاکگەرایـی، تاکـوو ئـەو جێیـەی لەگـەڵ بەرژوەندیـی

---

(i) هەمان: ص ٦٧.

(ii) ماری بوکچین: ص ٨٥.

هەمووانـدا دژ نەهاتایەتـەوە، ڕێزلێگیـراو بـوو، بگـرە پتـر تـاک وەکـوو یەکەیەکی خۆسـەر کـە لـە پەیوەندییەکی تەواوکارانـەی هاوئاهەنگدایە لەگـەڵ دەسـتەکەی، سـەیر دەکـرا، هێشـتاکانێ تـاک ئـەو دەسـەڵاتە سـاختە و ئـەو کەپووبڵندییـە پفـدراوە دژە کۆمەڵگەیـەی وا ئەمـڕۆ پێوەیـان دەنـازێ، نەدەناسـی.(i)

مـۆرای بوکچیـن مەرجێـک بـۆ پێگەیشـتوویی ئەقڵـی ئادەمیـزاد دادەنێـت؛ ئـەوی ئـەو مەرجـەی تێـدا بـوو، مرۆڤێکـی پێگەیشـتووی تێگەیشـتووە. وی دەبێژێت؛ ئـەوی وا پێش هـەر شـتێک پێگەیشـتوویی مرۆییانەمان دەسـەلمێنێت، سرووشـتێکە وا پەروەردەی دەکەین، داخۆ سرووشـتێکە تـەواو پڕاوپـڕ ئۆرگانیـک و ئاڵـۆزە، یـان سرووشـتێکە بـە شـێوەیەکی کارەسـاتبار سـادە کرابێتـەوە!(ii) مەبەسـتی وی لـە پەروەردەکـردن، ناواخنـی پەیوەندیـی و نۆڕینمانـە لـە سرووشـت، سرووشـت گیانێکـی زینـدووی ئاڵـۆز و فرەڕەهەنـدە، ئادەمیزادەیلی ناو کۆمەڵگە بێ دەوڵەتەکانی بەرایی ئاوهایی سرووشـتیان دەپـەروەران. یـان نـا، سرووشـت بابەتـی بەرباسـی زانسـتە سرووشـتییەکانی ئێمەیە و هاوکێشـەکە سـادەیە، ماتەوزەیەکـە و چۆنمـان بوویـت دەیشـێلین، ئەمـە زەینـی تاکڕەهەندبینـی مرۆڤـی نوێیـە. بـە مانـا بوکچینەکـەی، چـون زەینی مرۆڤـی نوێ، سـەرەتا لـە چەوسـاندنەوەی هاوجۆرەکەی خۆیـەوە خەملیـوە، بۆیـە دەقـی بـەم چەوسـاندنەوەیە گرتـووە و ئاسـانە بۆی دەسـتدرێژییش بکاتە سـەر سرووشـت و چوون چلکاوێک وێنای

---

(i) همان: ص ٨٦

(ii) همان ص ١٢١.

بکات. کەواتە کامان پێگەیشتووترین؟ مرۆڤە سەرەتاییەکان یان ئێمە؟ ڕەنگە لە چاو ڕەفتاری ئەوان لەگەڵ «دایکە سرووشت»ـەکەیاندا، ئێمە بێشومار هەرزەکارانێکین هەراش و کەپووبڵند، سووک و نەوی سەرنجی سرووشت دەدەین.

لە سای ڕێبەریکردنی پیر و سەرۆکێک، کە فەرمان نادات، بەڵکوو لەگەڵیاندا دەوەستێت، هەروەتر لە نەبوونی بیرۆکراسییەتیی دەوڵەتدا، تاکی ئازادی پەیوەندییخواز لەدایک دەبێت. ئەمە لەکاتێکدا دەوڵەت–نەتەوە، ئەوە هیچ بە مانا ئۆجالانییەکەی کۆمەڵگە دەکوژێت، تاکیش دەهاڕێت، لە میانەی بانگکردنی ئیدۆلۆژییەوە، ئیدۆلۆژیی باڵادەست، ناسنامەیەکی دەرەکیی بۆ تاک دەئافرێنێت و لە پرۆسێسێکی (وەکیەکلێکردن)ـدا دەیتوێنێتەوە! پاشان بە دەستە ئاسنینەکەی، واتە بیرۆکراسییەتی ڕەقوتەق، ئەم تاکە وەکیەکلێکراوانە ئاوێتەی پەیوەندییەکی ستوونیی سیستەماتیکیی (فەرمان/گوێڕایەڵیی) دەکات و لەو سەرەوە زێدەگۆیی نییە بڵێین؛ ڕۆبۆت یان زامبی دەچنێتەوە. بەڵام ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتدا نابینرێت، ئاخر تاکی ئەو کۆمەڵگەیانە لە کەشێکی ئەنتیگراسیۆنی ئازاددا، وەک مرۆڤێکی کۆمۆنیکاڵی بەرپرسیار خودان گشت خەسڵەتە تاککەسییەکانی خۆیانن. بوکچین لە لێگەڕینەکانی خۆیدا لەمەڕ ئەم کۆمەڵگەیانە ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەوان کە ڕێز بۆ کەس یان شتێک دادەنێن، چەمکی (ژیان لەگەڵ....)ـی بۆ بە کار دەبەن، تەنانەت دەلوێت لەو کۆمەڵگە بێ دەوڵەتانەدا ببیستین بڵێن: «فلان لەگەڵ تیروکەمانەکەیدا دەژیت)، واتە هیچ چەشنە

خاوەندارییەتییەک لێرەدا نابینرێت، دەربڕینی (ژیان لەگەڵ...) هەر بە تەنێ دەربڕی ڕێزێکی قووڵ نییە بۆ خەسڵەتە تاککەسێکانی ئادەمیزادێک، بەڵکوو دەرخەری هاوئاهەنگیی و پەیوەندیی ئازادی نێوان تاک و گرووپیشە.(i) بەم چەشنە لە کۆمەڵگەی ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیکدا، نە بانگکردن و گۆشکردنی ئیدۆلۆژییانەمان گوێ لێ دەبێت، نە تاکیش لەناو سیستەمی خاوەندارییەتیی تایبەتدا دەهاڕدرێت، بەڵکوو تاکەکان بە ویستی ئازادانەی ژیانی خۆیانەوە، لە پەیوەندییەکی هاوئاهەنگ و پڕبەرپرسیارییەتییدان لەگەڵ دەستە و کۆمەڵەکەیاندا. ڕاستییەکەی کۆمەڵگەی ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک زۆر شتی هەیە، بە تاکی ببخەشێت؛ ژیانی ئازادانە. بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی ناو دەوڵەت/نەتەوەوە، دەردی ئۆجالان دەیگوت، هیچی نییە بە تاکەکانی بدات.(ii)

پێیەر کلاستەرس لە پەرتووکەکەیدا شێلگیرانە بەرگریی لەوە دەکات کڵان و کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئاگایانە میکانیزمێکی خۆبەڕێوبەریێ هێندە سازگاریان ئافراندووە، ڕێگر بووە لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی کەس یان لایەنێکی دیاریکراودا، کتومت نەیانویستووە دەسەڵات بزێتە ناو تۆڕی ستوونیی (فەرمانکردن و گوێڕاڵی)ـی بیرۆکراسییانەوە، ئەو میکانیزمەی مرۆڤی مۆدێرن پێی ئاشنایە. ئەم نووسەرە دێژێت، سەرەک هۆز و ڕابەری کڵانەکان فەرمان نادات، بەڵکوو ڕێنوێنی دەکات،

(i) ماری بوکچین: ص ٨٧.

(ii) عەبدوڵڵا ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازادیی (سۆسیۆلۆژیای ئازادیی) کتێبی سێیەم، وەرگێڕ؛ لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، دەزگەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠١٠، ل ١٠٣.

هەروەتـر ئەگەریـش لـە سـەروبەندی جەنگـدا شـتێک دەسـەڵاتی پتـری پـێ بدرێـت، ئـەوە لـە قۆناغـی ئاشـتیدا ئـەو دەسـەڵاتەی لـێ دەسـەنرێتەوە، مۆدێلـی دەسـەڵاتی (فەرمانکردن/گوێڕایەڵیـی) تەنهـا لـە دۆخـی ئاورتـەدا مایـەی قەبوولکردنـە، هەرکـە کلان و گـرووپ بـۆ ژیانـی ئاسـایی خـۆی بگەڕێتـەوە، دەمودەسـت ئـەم پەیوەندییـە نائاسـاییە هەڵدەوەشـێتەوە و هەمـوو شـتێک دەچێتـەوە جێـی خـۆی.(i)

لـە دیـدی بوکچینـەوە ئـەوە لـە قسـەیەکی بەتـاڵ بـەولاوە هیچـی تـر نییـە لامـان وابێـت کۆمەڵگـە دەوڵەتدارەکانـی ئێمـە ئاڵـۆزن، جـا گوایـە لـە کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان فرە ئاڵۆزتـرن، ئاڵۆسـکاویی ئێمە و کۆمەڵگەکانمـان لـە پێوابوونـی پوکچێنـدا، تـا دواڕادە تەکنیکییـە نەوەک کولتووریـی، تەنانـەت وی وەهـای دەبینێـت «تاکێتیی»ـیشمان پتـر بـۆن و بەرامـی دەروونپەرێشـیی لـێ دێـت تاکـوو ئـەوەی تاکێکـی فـرە تایبـەت و خـودان خەسـڵەتی خۆسـەرانە بێـت.(ii)

ڕەنگـە لەمـەڕ پرسـی ئـەوەی زەینـی کۆدڕێژکـراوی توێـژەری نـاو شارسـتانییەتی چینایەتیی/دەوڵـەت نەتوانێـت بـە ئاسـانی کێـش و سـەنگی ڕاسـتەقینەی کلان و کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان و میکانیزمـی ئازادانـەی خۆبەڕێوبەریـان درک بـکات، ئـەم پێوابوونـەی کلاسـتەرس، ڕوونتریـن پەیـڤ بێـت؛ وی دەبێژێـت؛ نووسـراوی توێـژەران و گەڕیـدەکان هـەر ئـەوەی هەڵگـۆزاوە کـە گوایـە وەهـا کۆمەڵگەگەلێـک ناقـۆڵا و ناتـەواون! هێشـتاکانێ کۆمەڵگـەی ڕاسـتین نیـن، بوونیـان

(i)Clastres, Pierre. Society Against the State: Essays in Political Anthropology. Translated by Robert Hurley and Abigail Baskin. New York: Zone Books, ١٩٨٩. P ٣٠.

(ii) ماری بوکچین ص ٢٦٠.

بەدەست نەبوونی «شتێک»ـەوە لـە ڕەنـج و مەینەتیدایـە: نەبوونـی دەوڵـەت! نەبوونییـەک هەرچەند چنگڵەسەرشـان لـە هەوڵدا بن، بۆیان قەرەبـوو ناکرێتـەوە، کۆمەڵگـەی بـێ دەوڵـەت شـیاوی وێناکردنیـش نییـە، دەوڵـەت چارەنووسـی گشـت کۆمەڵگەیەکـە! (i) وەکـوو بڵێیـت دەوڵـەت مرۆڤـی لـە گرێژنـەوە هەڵنەتەکاندبێت و کۆمەڵگـەی داهێزراو نەکردبێت و لەڕێگـەی ڕایەڵێکی وردچنراوی (فەرمانکردن/گوێڕایەڵی)ـی بیرۆکراسییەوە، چنگی لە قوڕگی ویستی ئازاد و ژیانی خۆسـەر گیـر نەکردبێـت، هەروەتـر کۆمەڵگەیەکـی زامبیئاسـای نەئافراندبێت! هـەر بەڕاسـت بـۆچ دەبێـت دەوڵـەت چارەنـووس بێـت؟

هاریکاریـی، یـەک لـە ناوخنتریـن خەسـڵەتەکانی کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان بـووە. ئـەوێ دەمـێ هێشـتاکانێ نـە دەسـەڵات لەنـاو قاوغێکـی ڕەقوتەقـی چـون دەوڵەتـدا چـڕ کرابوویـەوە و نـە تـۆڕی فەرماندەرانـەی بیرۆکراسییەتی بێگیانیش بەنـاو تانوپـۆی کۆمەڵگـەدا چووبـوو، هاریکاریـی ئـازاد و هاوسـەنگ، ناوکـی ئاژووتنـی دەسـتە و گرووپـە مرۆییـەکان بـوو. لـە پیتـر کرۆپۆتکیـن وایـە ئـەم هاریکاریـی و بەدەمەوەبوونـە، شـابزوێنەری پەرەسـەندنە. کرۆپتکیـن بـە نیگایەکـی ڕەخنەئامێزەوە، ئامـاژە بـەوە دەدات لـە سـەردەمی (هۆبز)ـەوە چەندە بـە تاموچێژەوە و چـون بنێشتەخۆشـە ئەوەیـان دووبـارە دەکـردەوە گوایـە یاسـای «جەنگـی هەمـووان دژبـە هەمـووان» بزوێنـەری ژیانـی مـرۆڤ و کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان بـووە.(ii)ڕاسـتییەکەی وا

---

(i)Clastres, Pierre. Society Against the State: Essays in Political Anthropology.p١٩٥- .

(ii) پیتر کروپتکین: یاری متقابل عامل؛ تکامل. ت: هومن کاسبی، نشر افکار، چاپ اول، تهران ١٣٩٨، ص٣١.

دەردەکەوێت «جەنگی هەمووان دژ بە هەمووان»، پتر پاساوێک بێت بۆ ڕەوایەتیدان بە لیڤایسانی تۆڕئاسای بیرۆکراسیی دەوڵەت، ئەگینا کۆمەڵگەی خۆسەر، هەر زۆر پێش ئەم لیڤایسانە، بوونی هەبووە و هاریکاریش گورِ و هیزی پێشەڤەچوونیان بووە.

نها دەپرسین، کۆمەڵگە بێ دەوڵەتەکان، کە پتر لە ئاهەنگی فرەییە هەمەچەشنەکان لە هەناوی یەکێتییەکی پتەودا دەچوون، بۆچ تووشی قیامەتی خۆیان هاتن و بوار بۆ مەیدانخوازیی کۆمەڵگەی چینایەتیی/دەوڵەتخواز ڕەخسا؟

ئەوە قسەبڕە شۆڕشی نیۆلەتیک کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ژیانی ئابووریی کۆمەڵگەکانی ئەو سەروەختە بەجێ هێشت و دەشێت ژیانیانی ئاسانتر کردبێت، بەڵام وەکوو چارەنووسێک و بەناچاری گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییاندا ڕووی نەدا، بە دەربڕینێکی تر، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، گۆڕانکاریی لەوەی وا مارکسیستەکان ناویان ناوە «بنخان»، هیچ چەشنە ڕەنگدانەوەیەکی لە «ژوورخان»ـی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیانەدا نەئافراند.(i) بەپێی ئەمە دەخوازم بڵێم، ئەوەی لە پڕێکدا و لە پاش قوتبوونەوەی دەوڵەت/شارە سۆمەرییەکان ئێمە دەکەوین بەسەر کۆمەڵگەیەکی چینایەتیی/دەوڵەتگەرادا کە بە دەوری پاوانی زێدەبەرهەمدا هەڵچنراوە، پێشڤەچوونێکی سرووشتیی و چارەنووس نەبووە، بەڵکوو سەرومڕ لادان و خاپاندن و پرۆسێسێکی سیاسیی و دیرۆکیی و دەستکرد بووە و چینی سەردەستی پاوانکاری

(i)Clastres, Pierre. Society Against the State: Essays in Political Anthropology.p201 .

زێدەبەرهـەم بکەرەکـەی بـوون، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی ڕەوایەتیـی بـە پێـواژۆی زەوتکردنـی دەسـەڵات بـدەن.

## سەرهەڵدانی دەوڵەت و داگیرکردنی زەینی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە

ئـەوی دەخـوازم بەرباسـی بـدەم، ئەوەیـە داخـۆ سـەرهەڵدانی کۆمەڵگـەی چینایەتیـی و مۆدێلـی شارسـتانییەتی دەوڵەتگـەرا، وا تـۆڕی جاڵجاڵۆکەیـی بیرۆکراسییەت تێدا گشـت کونجێکی کۆمەڵگـە دەتەنێتـەوە و، گـەرای «فەرمان/گوێڕایەڵـی» بە هەمـوو جێیەکدا بڵاو دەبێتـەوە، چـۆن دەروونیـی بـووەوە و چلـۆن کـۆد و نیشـانەکانی خـۆی لـە زەیـن و زمانـی تاکەکانـدا بەجێ هێشـت و چ جادوویەکـی کـرد، وا بـاری نۆڕینـی ئادەمیـزادی ئـاوەژوو کـردەوە. پاشـان ئـاوڕ لـەوە بدەینـەوە مـرۆڤ لـەو دیرۆکـە دوورەدەسـتەدا بـۆچ ناچـار بـوو دەسـتی ئـەم «لیڤایسان»ـە(i)، دەوڵـەت، بگرێـت و لەنێـوان خـۆی و «دایکـە سرووشت»ـدا داینیشـێنێت؟

کۆمەڵگـەی نیۆلەتیک، جا بەهۆی هەڵکشـانی بەرهـەم و زیادەبەرهەمەوە بووبێـت، یانەخـۆ دایکـە سرووشـت نامیهرەبـان بووبێـت لەگەڵیانـدا و پێویسـتیی ناچـاری کردبێتـن، یانیـش ئەزموون/پسـپۆڕیی بـوو، کۆمەڵگـە وای دانـا دەوڵـەت ئـەم دوو کەڵکـەی هەیـە و کارەکان ئاسـان ڕادەپڕێنرێن،(ii)دەسـەڵاتیان لـە ناوەندێکـدا چـڕ کـردەوە و بیچمـی شـار بـە پەرسـتگاکانییەوە دەرکـەوت و پەلـی دەوڵەتیـان گـرت و هێنایـان لـە

(i) Leviathan.

(ii) عەبدوڵڵا ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازادیی (سۆسیۆلۆژیای ئازادی) کتێبی سێیەم ، ل ١٠٥.

سەرووی کۆمەڵگەوە دایان نا. ئەم کردەیە بەبێ باج تێناپەڕێت. سوژن، داس، گۆزە، ڕستن، گڵێنەسازیی، ئاودێریی، ڕەوڕەوە و دەستتاڕ و کۆی دەستەکەوتەکانی تری کۆمەڵگەی گوندنیشینیی نیۆلەتیک ڕادەستی کۆمەڵگەی شارنشینی/چینایەتیی کرا، قەڵەمبازێک قەوما و بڕی بەرهەم پەرجووئاسا هەڵدەکشا، ئەم زیادبوونە، بەبێ هیچ بەهایەک تێپەڕ نابێت، ئەم پێشڤەچوونە جۆریی و چۆنایەتییە، لە بەرانبەر هەر سوودگەیاندنێکدا، تۆڵە لە مرۆڤ دەکاتەوە؛ پێشڤەچوونی تەکنیکیی مرۆڤ بۆ ئاستی ئامرازێکی تەکنیکیی و کەرەستەیەکی بەرهەمهێنان دادەبەزێنێت، هەم مرۆڤ دەڕنێتەوە و هەم دەستکاریی پێگەی کۆمەڵایەتییان دەکات.(i)

بەوەدا لای ئۆجالان، زیگۆرات، هەر بە تەنها ناوەندی شار نییە، خودی شارە،(ii) بۆیە دەبێت پێی لێ بنێن، زیگۆراتەکانی سۆمەر، هەوەڵین ناوەندی چڕبوونەوەی دەسەڵات و منداڵدانی خستنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتیی/دەوڵەتخواز بوون. زیگۆراتەکان، بە دیدی ئۆجالان، ڕۆڵی کلیلی دەبینین لە تێگەیشتن لەوەی سۆمەرییەکان چۆنچۆنی پێشەنگایەتیی ئاواکردنی شارستانییەتی چینایەتیی/دەوڵەتگەرایان کرد؛ زیگۆرات لە گۆشەنیگای ئۆجالانەوە، هەم شێوازە ستوونییەکەی وەکوو لایەنی فیزیکیی: کە لە نهۆمی یەکەمدا، ڕەنجدەران و پیشەوەران جێیان دەگرت، نهۆمی دووەم بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبەرێتیی کاهینەکان تەرخان کرابوو، نهۆمی سێهەمیش بۆ خوداکان، هەم هێزە قنیاتپێهێنەرەکەی ئەم پەرستگایە وەکوو

(i) ماری بوکچین: ص: ١٢٦.

(ii) عەبدۆڵا ئۆجالان: مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیی (مۆدێرنیتەی دیموکراتیی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی)، و: لوقمان عەبدوڵڵا، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم ٢٠٠٩، ل ١٤١.

لایەنی مینەویی، هەوەڵین کرۆکی شارستانییەتیی چینایەتیی پێک دەهێنێت.(i) کەواتە هەوەڵین هەنگاوی خۆڕاپسکاندن لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی نیۆلەتیک و پەڕینەوە بەرەو کۆمەڵگەی ستوونیی چینایەتیی، کە (فەرمانکردن/گوێڕایەڵیی)ـی سیستەماتیککراو بیبات بەڕێوە، بریتی بوو لە زیگۆراتەکانی سۆمەر. جا وێنای بکە، شکۆی ئەم تەلارە هەڵکشاوە بەرەو ئاسمان، هێزە مینەوییە قنیاتپێهێنەرەکەی، چلۆن زەین و دەروونی ئادەمیزاد داگیر دەکات.

پەرستگای سۆمەر، هەم لەسەر ڕەنجی زیادە/زیادەی بەرهەم ئاوا کرا و هەم هەوەڵین ناوکی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی دەزگەیی بوو، لە دیدی ئۆجالاندا، سەرچاوەی چەواشەکردنی زەینی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیە.(ii)ئەگەر گۆشەنیگای ئۆجالان بە بنەما بگرین، پەرستگاکانی سۆمەریی، چەقی خاپاندنی زەینی کۆمەڵگە بوون. لە بەکارهێنانی هێز گەڕێ، قایلکردنی کۆمەڵگە لە ڕووی زەینیی/دەروونییەوە بەوەی چارەنووسی خۆیان، با تۆزی بێت لە چەوساندنەوە، لەباوەش بگرن، خاڵی وەرچەرخانی ئەم خاپاندنەیە.

بوکچینیش لەسەر هەمان ڕەوت وای دەبینێت: لەو سەروەختەدا زۆرترین بڕی گۆڕانکاریی لە دەروونی تاکەکاندا ڕووی داوە؛ هاوکات خوداوەندی دایک هێشتاکانێ پێگەی خۆی لە ئوستوورەکاندا پاراستبوو، بەڵام پتر بە خەسڵەتی شەیتانیی و بە ئاڕاستەی پڕکردنەوەی نیازی سیستەمی باوکسالارییدا دەڕازێنرایەوە، ژنان

(i) ئۆجالان: مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیی، بەرگی یەکەم، ل١٤٠.

(ii) ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازادیی، بەرگی سێیەم، ل ١٠٠.

وردەوردە گشت مافەکانیان لەدەست دا، ئەمە بە تەنها گۆڕانێکی دەرەکیی نەبوو لە پێگەی کۆمەڵایەتیاندا قەومابێت، بەڵکوو لە نۆڕینیان بۆ خودی خۆیشیان، ئەم گۆڕانە بەدی کرا، سیستەمی نوێی ئابووریی، دابەشکردنی کار و پسپۆڕیی، زەمینەیان ڕەخساند تا پیاوان لافی ئەوە لێ بدەن لە ژنان لەسەرترن، پیشەوەران و دەستڕەنگینان هەمان بانگەشیان کرد و خۆیان بە سەرتر لە جووتیاران هەژمارد، هزرمەندانیش دەسەڵاتی چەسپاوی خۆیان بەسەر ڕەنجدەراندا پاوەجێ کرد و بە کاوەخۆ بیچمی سیستەمی چینایەتیی سەری دەرهانی، ئەم بیچمە تازەیەی پەیوەندیی، هەر بە شێوازی دەرەکیی نا، بەڵکوو بە شێوەی سوبجێکتیڤ و زەینیی، خۆی خزاندە نەستی تاکەکانەوە؛ ڕووبەری زمان، ئاخافتن و کێڵگەی ئاوەزیی کۆمەڵگەی داگیر کرد، دەرئەنجام جیاوازیی لە نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا، وا جاری جاران لە بیچمی (فرەییەکی جۆراوجۆر لە هەناوی یەکێتییەکدا) بوو، نها ئەم جیاوازییە ئاخنرایە نێو سیستەمێکی ستوونیی پلەبەندکراوی جودا و مێملْ بە یەک، گشت سەرچاوە و ژێدەرە ئایینیی، فەلسەفیی و ئەخلاقییەکان مۆری ڕەوایەتییان بۆ ئەم سیستەمە لێ دا(i)!بە مانا ئۆجالانییەکەی، ئاواکردنی زیگۆرات، لێدانی مۆری ڕەوایەتیی بوو لەم سیستەمە.

پاش کەڵەکەبوونی ئەزموونی چڕبوونەوەی دەسەڵات لە پێواژۆی دیرۆکییدا، ئۆجالان وای دەبینێت هەرکە چینی بۆرژواز کەوتن بەسەر ئەم ئەزموونە کەڵەکەبووەدا، کۆمەڵگە چارەڕەشتر

(i) ماری بوکچین: ص ١٢١-١٢٢.

بـوو، ئاخـر ئـەم ئەزموونـە کەڵکەبـووە لەنـاو قاوغێکـی بێگیانـی زەبەلاحدا لەنگەر دەگرێت؛ دەوڵەت/نەتەوە، دەزگە هەڵئاواساوەکانی دەوڵەت/نەتـەوە، لـە زانکـۆوە تاکـوو باخچـەی سـاوایان، لـە لیبۆکـە وەرزشـییەکانەوە تاکوو سـیمبوولە نەتەوەییەکان، لە بیرۆکراسـییەتی ڕەقوتەقی سـووپاوە تاکـوو تەونـە کارگێڕییـەکان، دەورپێچـی مـرۆڤ و کۆمەڵگـە دەدەن و سـنووری خاپانـدن دیـواودەر دەکرێت و زەینـی کۆمەڵگـە داگیـر دەکـەن؛ زەینـی کۆمەڵگـە دەکەوێتـە سـەر ئـەو بـارەی دیـرۆک هـەر ئەمـە بـووە کـە نها هـەیـە! دەوڵەت/نەتـەوە وەهـا زەینـی کۆمەڵایەتیـی تەنییـەوە، بـە جووڵاندنـی لیبۆکێکـی هەڵئاوسـاوی خـۆی، دەتوانێـت کۆمەڵگـەی بـە جەمـاوەر کـراو بورووژێنێـت.(i)

پێواژۆییەکـی تـەواو مێژووکرد، ناسرووشتیی و خاپێنەرانە، دەسـەڵات هەرکـە خزێنرایـە نـاو دەوڵـەت و بـە بیرۆکراسـییەت پڕچـەک کـرا، نهـا دەورپێـچ، داگیرکـردن، پارچەپارچکـردن، ڕەتاندنـەوە و ئاڕاسـتەکردنی ئادەمیـزاد، کۆمەڵگـە و سرووشـت دەبنـە کارێکـی ئێجگار ئاسـان.

تەنانـەت لـە نیـگای فەلسـەفەی فۆکـۆدا، بیچمـە دەزگەیەکانـی دەوڵـەت لـە سـەدەی شـانزە بـەدواوە، ئاسـتی دەسـتەوەردان لـە کۆمەڵگـە هێنـدە دەبەنـە پێشـەوە، ناتوانـن بەرگـەی ئـەوە بگـرن خەڵـکان بێـکار و تەمبـەڵ بسـوڕێنەوە، ئەمـەش زادەی زەینـی ئـەم دەزگەیانـە بـوو کـە ئادەمیزادێکیـان پـێ قـووت نەدەچـوو خـۆی لـە پرۆسێسـی بەرهەمهێنـان بدزێتـەوە، جـا لـە سـاڵی ١٦٥٧ـدا، لـە پاریس بـە فەرمانێکـی ڕەسـمیی، دەرۆزەکـردن و وێڵگەڕیـی بـە تـاوان ئەژمـار

---

(i) عەبدوڵڵا ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازادیی، کتێبی سێیەم، ل١١١.

کرا و کۆکردنەوەی کەسانی بێکەڵکی ناو چەرخی بەرهەمهێنان و دانانیان لە زیندانەکاندا، پاڵنەری ئابووریی هەبوو.(i) بگرە لە نیگای فۆکۆدا، جەستەی ئادەمیزاد چیتر هەر موڵکی خۆی نییە، جەستەی وی دەبێتە کەوشەنی پیادەکردنی دەسەڵات، خۆنواندنەوەی گوتاری باڵادەست، مێژوو و زمان.(ii)

دەوڵەتی مۆدێڕن لە ڕێگەی دەزگەکانییەوە، گوتاری باڵادەستی بەسەر مرۆڤدا سەپاند، نها مرۆڤ لە پەیوەندییدا بە گوتاری بایۆلۆژیا، زانستی ئابووریی و زمانناسییەوە، ناسنامەی نوێی خۆی چێ دەکات، ئەو ناچارە لە ئاوێنەی ئەو سێ گوتارەوە لە خۆی بنۆڕێت، دەی دەبێت چون گیانداریکی بایۆلۆژیی کاتمەند و سنووردار دان بەخۆیدا بنێت، کار بکات تاکوو بژیت و بەو زمانە بپەیڤێت و کۆدەکانی بەکار بهێنیت، کە زمانی باڵادەستە، مرۆڤ لە بناغەوە کۆدڕێژ کرایەوە، یانەخۆ بە مانا فۆکۆییەکەی؛ مرۆڤ دیاردەیەکە لە مۆدێڕنیتەدا لەدایک بوو!(iii)

کلاستەر هانا بۆ نیچە دەبات تا ئاساییبوونەوە و دەروونیبوونەوەی پرسی دەسەڵاتی ستوونیی (فەرمانکردن/گوێڕایەڵیی) لە ناواخنی مۆرڤی مۆدێڕندا بخاتە ڕوو: دەلوێت بە شێوەیەکی ئەقڵگیر گریمانە بکەین نها نیاز بە «گوێڕایەڵیی» لە هەر ئادەمیزادێکدا دەروونیی بووەتەوە؛ چون ویژدانێکی فۆرماڵ

(i) محمد ضیمران: میشیل فوکو (دانش و قدرت)، چاپ اول، دەستگاه هرمس، ١٣٨٧تهران، ص ٦٤.
(ii) محمد ضیمران: میشیل فوکو (دانش و قدرت)، چاپ اول، دەستگاه هرمس، ١٣٨٧تهران، ص ١٣١.
(iii) همان: ص ١٢٦.

فەرمـان دەدات «تـۆ دەبێـت».(i) بەمـەش زەینـی مرۆڤـی کۆمەڵگـەی چینایەتیـی سـایەی دەوڵـەت، کۆدرێـژ دەکرێـت و هەڵدەدرێتـە نـاو تۆڕێکـی وردچنـراوی دەسـەڵاتی ڕەقـی بیرۆکراسـیی/پلەدارییەوە و چـون زامبییـەک لەلایـەن ویژدانێکـی بێناواخنـی هەمەکیی دەرەکییـەوە دەجووڵێنرێـت و هەرکـە زایەڵـەی «تـۆ دەبێـت.... تـۆ نابێـت» لـە سـەری کۆدرێژکراویـدا دەبیسـتێت، داناسـەکنێت تاکـوو بـەدەم ئـەم دەنگدانـەوەوە نەچێـت. لـە وەهـا ڕەوشـێکدا ئاخافتـن لەمـەڕ ویسـتی ئـازاد، لـە نوکتەیـەک بترازێـت، یـان دروسـتتر بڵێیـن، لـە جۆکێکـی لیبراڵانـە بـەولاوە، هیچـی تـر نییـە.

ڕەنگە ئەم بابەتـە سـەر بکێشێت بۆ پرسـی (هێڵـەکان) و بەتایبەت (هێڵـی ڕەق) یـان (هێڵـی مـۆلار) لەکـن ژیـل دۆلـۆز. لـەم پێوابوونـەدا، دەوڵـەت سـەر بە هێڵـی ڕەقە، تاکەکان و جەسـتەیان، لـە تایبەتمەندییە ناوەکییەکانیـان دارنـراون و موڵکـی دەوڵەتـن و دەوڵـەت لـە ڕێگـەی پەیوەندییەکانییـەوە، کۆدرێژیـان دەکات، مەترسـیی ئـەم هێڵـی ڕەقـە، هـەر ئـەوە نییـە لـە میانـەی پەیوەندییەکانـەوە تاکـەکان ڕوو بـەرەو دەوڵـەت هەڵبلوشـرێن، بەڵکـوو ئـەم مەترسـییە لـە گشـت کونجێکـدا هەسـت پـێ دەکرێـت، ئاخـر لـەم پێوابوونـەی دۆلـۆزدا، ئـەم هێڵـی ڕەقـەی دەوڵـەت، بـە هەمـوو ئـەو ئامرازانـەی دەسـەڵاتەوە پەیوەسـتە وا لەسـەر جەسـتەمان ئیش دەکـەن، هەروەتـر ڕایەڵـە بـە گشـت ئـەو کەرەسـتانەی وا کۆدرێژمـان دەکـەن، ئـەم هێڵانـەی دەوڵـەت چـون ڕەقـن، بۆیـە کـە دەمانبـڕن، لـە پاڵ ئـەو دڵنیاییـەی پێمـان دەبەخشـن،

(i)Clastres, Pierre. Society Against the State: Essays in Political Anthropology. p ٧-٨

وامان لێ دەکەن بوونەوەرانێکی ترساوتر و توندوتیژتر و تاڵتر بین، دەرئەنجام مەترسیی ئەم هێڵە ڕەقە ئەوەیە هەڵتەکاندنی، کارێکی ئێجگار سەختە، چونکە هەر بە دیدی دۆلۆز، ئەم کارە هەر بە تەنێ دژ بە دەسەڵات و دەوڵەت نییە، بگرە ڕاستەخۆ دژ بە خۆیشمانە.(i)

جا زێدەگۆیی نییە بڵێین دەوڵەت بە ڕادەیەک ناونشین و دەروونیی بووتەوە، لەگەڵیشیدا کۆمەڵگەی چینایەتیی/پلەداریی وەها گەرای لە زەینەکاندا خستووە، خەڵکان تێکڕا نەک هەر ئەم بیچم و فۆرمە بە تاقانە پێکهاتەی دەسەڵات دێننە ئەژمار، بگرە ئەو «ناسنامە نەتەوەیی» و «پێگە کۆمەڵایەتیی»ـیەشیان لەکن بووە بە ناسنامەی «هەبوون»ـییەتی خۆیان و وەختە بڵێم لەبیریان کردووە کێ بوون و چی بوون. ئەوە بۆیە ئۆجالان بە گومانەوە دەڵێت: کەسێک هەیە لە دەرەوەی دەوڵەت؟!(ii) وەک بڵێیت دەرەوەی چێوەبەندییەکەی دەوڵەت، قاقڕ بێت و تاکوو چاو بڕ بکات، چۆڵەوانیی بێت، سا گەر ویستمان گریمانەی ناسنامە لە دەرەوەی دەوڵەتدا بکەین، کاری نەکردە بێت.

لای مۆرای بوکچین، مەگەر بە پەرجوو، ئەگینا کاری نەکردەیە مرۆڤی ئەمڕۆیی قنیات پێ بهێنرێت، کۆمەڵگە سەرەتا، جاری جاران، لە چێوەی کلانەکان، خێزانەکان، تیرەکان، هۆزەکان،

---

(i) ژیل دۆلووز، کلێر پارنێ: دیالۆگەکان. وەرگێڕانی: فازڵ مەحموود، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، ٢٠٢١ سلێمانی، ل٢٠٦، ٢٨٤ و ٢٩٢.

(ii) عبدۆڵا ئۆجالان: مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیی (مۆدێرنیتەی دیموکراتیی و تێپەڕاندنی کێشەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی)، بەرگی ٢، و: لوقمان عەبدۆڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ٢٤٩.

کۆنفردراسیۆنە خێڵەکییەکان، گوندەکان و تەنانەت ئەنجوومەنە شارییەکاندا زۆر زۆر لە پێش دەوڵەتەوە، بوونی هەبووە؛ دەوڵەت و سەروبیچمی فەرمانبەرە پسپۆڕەکانی، واتە بیرۆکراسەکان و سەربازەکان، هەر زۆر درەنگ دەرکەوتن و بگرە دەزگەی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگەدا تەواو هەڤدژە.(i)کۆمەڵگەی چینایەتیی/پلەداریی لە پرۆسێسی گەراخستن لە زەینەکان و دەروونیبوونەوەیدا، دەست بۆ ڕیشەییترین دەستکاریکردنی دیرۆکی دەبات: چاندنی هەستی گوناح، هەستکردن بە کیمیایەسیی و باوەشکردن بە دەرد و ڕەنجدا! چونکە تاکی ناو ئەم کۆمەڵگەیانە، پلەبەند کراون، پلیشێنراونەتەوە و بەرانبەر شکۆی (ئەوی تری مەزن/کۆمەڵگە_دەوڵەت)دا ڕاگیراون، بە دەر لەوەی بە بەهای زێدەڕەنجی خۆیان، ئەم ئەوی ترە ڕازیی بکەن، ڕێگەیەکی تر بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی گوناهباریان شک نابەن! جا چونکە چەقی ڕاگرتنی هاوکێشەی ئەم کۆمەڵگەی چینایەتیی/پلەدارییە دەوڵەتگەراییە بریتییە لە پاوانی دەسەڵات و سەرمایە، بۆیە تاکوو پتر چەوساوەکان دەستەمۆ بکرێن، پتر ئەم هاوکێشەیە پاوەجێ دەبێت، لەبەر ئەمەیە ئۆجالان دەبێژێت؛ پاوانی دەسەڵات و سەرمایە، کۆمەڵگە لە گرێژنەی خۆی دەترازێنێت.(ii)لە دیدی پۆکچیندا، زەینییەتی چینایەتیی، خۆدوورگرتن لە (چێژ) و (شادی) ڕەواج پێ دەدا، ئەم زەینە بۆ چەوساوان «ڕەنج»، «گوناح» و «قوربانیدان» و بۆ سەردەستەکانیش «چێژپەرەستیی زێدەڕۆیانە» بە ڕەوا ئەژمار دەکات؛ دەرئەنجام چی دەبێت،

(i) ماری بوکچین: ص ٢٢.

(ii) ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازادیی، بەرگی ٣ ل ٥٧.

سیستەمێکی وردی (خۆسەرکوتکردن) و (ئەوی تر سەرکوتکردن) دەکەوێتە کار، جا لە دیدی بوکچیندا، تاکێک بە سەرکوتکردنی هەستەکانی خۆی گۆش کرابێت، ماتەوزەیەکە بۆ بەکارهێنان و ڕەتاندنەوە، ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ سەرکوتکردنی کۆی کۆمەڵگە و لەوێشەوە بۆ سرووشت.(i)

چونکە لێرەدا بە مانا فۆکۆییەکەی، دەسەڵات لە چنگ کەس و لایەنێکی دیاریکراودا نییە، بەڵکوو دەسەڵات ڕایەڵێکی وردچنراوی خزاوە بە نێو کۆی پنتەکان، ئیتر لە بیچمی دەزگە، بیرۆکراسییەت، بەها باڵاکان، ڕێوشوێنەکان، یاساکان، فەرمانەکان و گوتارە باڵادەستەکاندا بەرجەستە دەبێت، ئەوە هیچ هەمووان لەناو ئەم ڕایەڵەدا گیر دەخۆن، دۆزی سەرەکیی ئەوەیە هەمووان بەردەوام هەست دەکەن «چاودێریی» دەکرێن.(ii)

ئۆجالان لە لێکەڕینیدا بۆ ئەم پرسە، وەهای دەبینێت کە مرۆڤایەتیی «ڕووخێنرا»، بە دۆخێکیان گەیاند، بە مۆمێکەوە بە دوای ڕابردوودا بگەڕێت.

لە سەردەمی پاوانکردنی سەرمایەی (فینانس/وەهمی)ـی مۆدێرنەی سەرمایەدارییدا، کۆمەڵگە لە دوندی پەرتەوازەبووندایە و ئەوەی بەڕێوە دەچێت، کۆمەڵگەکوژییە، دەوڵەت-نەتەوە بە دەیان شێوازی میدیایی، بە سەر کۆمەڵگەدا دەڕشێتەوە، دەوڵەت-نەتەوە بۆ خۆی شێوازێکی کۆمەڵگەکوژییە.(iii)

---

(i) ماری بوکچین: ل ٢٣.

(ii) محمد ضیمران: میشیل فوکو (دانش و قدرت)، چاپ اول، دەستگاه هرمس، ١٣٨٧تهران، ص ١٥٨.

(iii) ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازادیی، بەرگی ٣، ل ١٠٢-١٠٣.

## دەوڵەت؛ لەدەستدانی ژیانی ئازاد، بیرۆکراسیزەکردنی ئادەمیزاد

لەم تەوەرەیەدا هانا بۆ «بەسەرهاتی ناتەواوی چۆلەکە»ی نیک بۆستروّم دەبەم، تا پتر مەترسیی هاتنی دەوڵەت بۆ ناو کۆمەڵگە و دەروونیبوونەوەی دەسەڵاتی دەزگەیی ڕوون ببێتەوە. ئاخر لەم تەوەرەیەدا، پرۆسێسی لەخۆنامۆبوون و لەمرۆڤخستن بەرباس دەدرێت، پرۆسێسێک، کە پاڵەوانەکەی دەوڵەتە.

لەو بەسەرهاتەدا، کە نووسەر بە مەبەست نیوەچڵ و کراوە بەجێی هێشتووە، ژمارەیەک چۆلەکە لە دارستاندا، سەرقاڵی چۆلەکایەتییکردنی خۆیانن؛ جریواندن، پەیوەندیگرتن، فڕین، کۆکردنەوەی چیلکە، هێلانەچێکردن و کۆکردنەوەی خواردن. لەپڕ یەکێکیان، دیارە لە دارستاندا هێز و مەزنیی کوندەپەپووی بینیوە، دەڵێت؛ ئەرێ بۆچ کوندەپەپوویەک بە بێچوویی نەهێنین و گەورەی نەکەین، تاکوو ئەو لەبری ئێمە کۆی کار و ئەرکەکانمان ڕاپەڕێنێت؛ ئێمەیش ئازاد و خاترجەم، سەرقاڵی پشوودان و ژیان دەبین؟ هەمووان بە خۆشحاڵییەوە، جۆشوخرۆشی ژیانێکی ئاسوودە مەستیان دەکات و بیرۆکەکە پەسەند دەکەن، تەنها دانەیەکیان نەبێت؛ بە گومانەوە دەڵێت: ئێمە سەرەتا دەبێت شێواز و تەکنیکی کۆنترۆڵکردنی کوندەپەپوو فێر بین، پاشان سەرکێشییەکی وەها بنوێنین! بەڵام کەس گوێ بە قسەکانی نادات.(i)

بەسەرهاتەکە ناتەواو دەمێنێتەوە، ئەوەی لێرەدا بۆ نیک بۆستروّم

(i) بڕوانە:
Nick Bostrom: Superintelligence: Paths, Dangers, and Strategies, Oxford University Press, Oxford United Kingdom, 2014 PP 9-12.

جێی بایەخـە، مەترسـیی ئـەم سەرکێشـییەی چۆلەکەکانـە؛ ئـەوان بوونەوەرێکی لـە خۆیـان مەزنتـر، بەهێزتـر و بە دڵنیيایەوە جیاواز دەهێننە نـاو کۆمەڵگەکەیانـەوە، کوندەپەپـوو ڕاوچیی و گۆشـتخۆرە! چـی دەبێت ئەگـەر ئامانـج و بەرژەوەندیی ئـەم بوونـەوەرە بەهێـزە لەگـەڵ ئامانجـی چۆلەکەکاندا دژ بێتـەوە؟ چی دەبێت ئەگـەر ئامانجی دابینکردنی ژیانێکی ئاسـوودە بـۆ چۆلەکـەکان، زۆر لـە ماهییەتـی ئـەم بوونـەوەرە بەهێـزەوە دوور بێت؟ ئـەی ئەگـەر لـە کۆنتـرۆڵ دەرچـوو چی؟ وای دانێ کوندەپەپوو کـۆی ئـەرک و کارەکانـی چۆلەکـەکان ڕادەپەڕێنێـت، ئـەودەم چۆلەکـەکان چـی دەمێنێتـەوە بیکـەن؛ یـان درووسـتتر بڵێـم: لـە چۆلەکەبـوون ناکـەون؟ نیک بۆسـترۆم لـە پەیوەندییدا بـە مەترسـییەکانی «ژیریی دەستکرد»ـەوە ئـەم بەسـەرهاتە لـە دەسـتپێکی پەرتووکەکەیـدا دەهێنێتـەوە. بـەڵام ئەمـە کتومـت بەسـەرهاتی هێنانـی دەوڵەتـە بـۆ نێـو کۆمەڵگـەی مرۆیـی. ئەگـەر چۆلەکـەکان لـە ماهییەتـی چکۆلانـەی خۆیـان و سرووشـتی بێڕەحـم وەناڵـە هاتـوون، مەترسـییەکە ئەمـە نییـە، مەترسـییەکە ئـەو ئامرازەیـە وا بـۆ زاڵبـوون بـە سـەر ئاڵنگارییەکانی ژیانیانـدا دەیهێننـە نـاو مەیدانەکـەوە؛ ئامرازێکـە نـە ورد لێـی تێگەیشـتوون و نـە دەتوانـن ڕامـی بکـەن.

کۆمەڵگـە، ئۆجـالان وتەنـی، بۆیـە بەرگـەی ڕەزای گرانـی دەوڵەتـی گرت، گوایە دەوڵەت ئەزموون و پسپۆڕیی هەیە! بە مانا بوکچینەکەی، گوایـە دەوڵـەت ئـەو بوونـەوەرە مـەزن، بەهێـز و ڕێکخراوەیـە وا کۆمەڵگـە لـە چنگـی «سرووشـتی کوێـر و بێڕەحـم»، ڕزگار دەکات و لەسـەر خوانـی زیـادەی بەرهـەم تێریـان دەکات. بـەڵام دەوڵـەت، کۆمەڵگـەی لـە کۆمەڵگەبـوون خسـت، هێـز و گـوڕی خۆبەڕێوبەریـی

کۆمەڵگـەی خەسـاند و دەمـاری پەیوەندیـی ئـازاد، سیاسـەت و ئەخلاقی کۆمەڵگەی پچڕاند. ئادەمیزادەیـەل. ئـەم بوونەوەرەیـان هێنا، بێ ئـەوەی ورد و قـووڵ لێی تێگەیشـتبن، نها مەگـەر دەلوێت و کاری کردەنییـە لـە سـای ئـەم بوونـەوەرەدا بژیـت و ویسـتی ئـازاد، ژیانـی سـەربەسـت و پەیوەندیـی ئـازاد نەدۆڕێنێـت؟ ئادەمیـزاد بەرانبـەر ئـەم بوونـەوەرە و تـۆڕی بیرۆکراسـیی (فەرمانکردن/گوێڕایەڵی)ـیدا، نـەک هـەر چـون ڕەنجدەرێـک و هێـزی کار لێـی دەنۆڕدرێت، بەڵکوو کارکـردە ئابوورییەکـەی وەک ئامڕازێکـی تەکنیکیـی پەتیـی، پێـش «هەبوون»ـە مرۆییەکـەی خـرا.

نهـا بەرانبـەر دەوڵـەت و تـۆڕە جاڵجاڵۆکەییـە بیرۆکراسـیی و سیسـتەمە ئابوورییەکـەی، مـرۆڤ بـە چڕیـی بـە دەردی لەخۆنامۆبوونـەوە دەتلێتـەوە؛ واتـە ئـەوە هیـچ، دەوڵـەت بچڕانێکـی وەهای درووسـت کرد، نەیهێشـت پەرەسـەندنی خۆسـەرانەی کۆمەڵگە بـەردەوام بێـت و بەسـەر ئەگـەری تـردا بکرێتـەوە، بگـرە دەروون و زەینـی تاکەکانیشـی وەهـا پەرێشـان کـرد، لەخۆنامۆبـوون، جاڕسـیی، تووڕەیی، مێملّی، کینەدۆزیی و دوورەپەرێزیی بـوو بـە خەسـڵەتیان.

لـە کەسـێتیی گریگـۆر سامسـای کافـکادا، ئێمـە بینـەری تاکێکـی پڕووکێنراوی جاڕسـی بیرۆکراسـیین، کۆمەڵگەی چینایەتیی/دەوڵەتگەرا و فشـارەکانی، دەوڵەتـی مۆدێـرن و نۆڕینـە بیرۆکراسـیی/ئابوورییە پەتییەکـەی بـۆ مـرۆڤ وەکـوو یەکەیەکـی بەرهەمهێـن و دەسـتی کار، مـرۆڤ بـە چەشـنێک دەخەنـە ژێـر پاڵەپەسـتۆوە، دواجـار لـە ئادەمیزاد، هـەر مێروویەکـی قێزەونـی بێکەڵکـی شـیاوی فڕێـدان و پلیشـانەوە

دەمێنێتـەوە. سامسـا وەکـوو ڕەمـزی مرۆڤێکـی لەخۆنامۆبـووی مۆدێـڕن، قوربانیـی ئـەو پەیوەندییەیـە وا دەوڵەتـی مۆدێـڕن و کۆمەڵگـەی چێنایەتیـی بـە سـەر مرۆڤـدا دەیسـەپێنن؛ پەیوەندییەکـی بێگیـان، پڕ لـە ڕنینـەوە و داماڵدراو لـە هـەرچ سۆزێکی مرۆیی. ئەو تا دواسنوور لـە کارەکـەی بێزارە، ناچاریی ڕایەڵـی نێوان ئـەو و ژینگەی کارەکەیەتـی: ‹›ئەگـەر ناچـار نەبووایـەم لەپێنـاو دایـک و باوکمـدا دان بەخـۆدا بگـرم، دەمێـک بـوو نامـەی وازهێنانـم دەنووسـی»(أ). سامسـا چـون هــەر مرۆڤێکـی تـری مۆدێـڕن، وەڕسـە، سیسـتەم لـە ڕێگـەی سـەرۆکی کارەکـەی و ئەندامانـی خێزانەکـەی، بـە تایبـەت باوکییـەوە، گەمـارۆی داوە؛ یـان ئامرازێکـی بەرهەمهێنـی ڕەنجدەر بـە، یـان چـون مێروییەکـی ناقـۆڵا بمـرە! ئـەو دواجـار پتـر و پتـر لەنـاو قاوغـی تەنهایـی و دوورەپەرێزیـی شـەرمنانەی خۆیـدا ڕۆ دەچێـت و گەمـارۆدراو و تورهەڵـدراو دەبێـت؛ لـەو دنیـا میکانیکیـی و کارییـەی خۆیـدا هێنـدە بەتـاڵ و نامـۆ دەبێـت، سـەرەنجام جەسـتەی لەگـەڵ دەروونـی دەبـن بەیـەک؛ قالۆنچەیـەک، تەنانـەت کـەس لـە دەردیشـی تێنـاگات!

هەروەکـوو چـۆن سامسـا لەژێـر پاڵەپەسـتۆی جیهانـە ڕەق و بیرۆکراسـییە/کارییەکەی خۆیـدا تـا ئاسـتی مێروییەکـی بێنـاو دەپلیشـێنرێتەوە، لـە کۆمەڵگـەی چینایەتیی/دەوڵەتگـەرای مۆدێڕنیشـدا، ئادەمیزاد لە سـوبێکتێکی ئەخلاقییەوە بەرەو یەکەیەکی بیرۆکراسـیی/ئابووریـی دادەبەزێنرێـت. دەوڵـەت و کۆمەڵگـە بـە پێودانگـی «بـە دەردخـواردن» و «دیسـپلین»، هێنـدە ساردوسـڕ و سیسـتماتیک

(أ) فرانتس کافکا، مسخ، ترجمه فرزانه طاهری، تهران، نیلوفر، چاپ دوم، ١٣٧٨، ص ١٢ و ١٣.

بەسـەر گیـان و دەروونـی مرۆڤدا دادەدەن، مـرۆڤ تەنانـەت توانـای ناونانـی دەردی خۆیشـی لەدەسـت دەدات.

کەسـێتیی (یۆزێـف کا) و (کا) لـە هـەردوو ڕۆمانـی (دادگایـی) و (کۆشک)ـی کافـکادا، پتـر چییەتیـی پەیوەندیـی نێـوان دەزگـە دەوڵەتییـەکان و ئادەمیـزاد ڕوون دەکەنـەوە؛ ونبوونـی دوو مـرۆڤ، لـە جوگرافیـای ئاڵـۆز و سیسـتەماتیکی نامرۆییانـەی بیرۆکراسـییدا. هـەردوو پاڵـەوان، وەیـلان و سـەرگەردان لەناو تۆڕێک لە ڕێوڕەسمی وشکی بیرۆکراسیی و بەرپرسـانی نادیـاردا ون دەبن، کە پێتاوپێتی ئـەو تـۆڕە بێمانایی لـی دەچۆڕێت؛ لـە هـەردوو جیهانـە کافکایەکـەدا، دەوڵـەت و دەزگەکانـی، هەمـان ئـەو تـۆڕە نادیـارە بیرۆکراسـییە پلەبەندکـراوەن وا چـون زەینێکـی هەمەکیـی ساردوسـڕ و بێسـۆز، بەسـەر جەسـتە و دەروونـی ئادەمیـزادەوە باڵادەسـتە. (کا)ـکانی کافـکا، کـە لـە هەوڵێکـی سـیزفیانەدان بـۆ چنگخسـتنی مانـا لەنـاو سـتراکچەرێکی بێمانـادا، وێنـەی مرۆڤـی نوێـن لـە چاخـی دەوڵەتـی مۆدێرنـدا، مرۆڤێک ئازادییەکـەی لەنـاو گەردوتۆزی پەڕاوەکانی یاسـا و فایلـە کارگێڕییەکانـدا ون بـووە. ڕەنگبێـت هـەر پاڵەوانـە جـاڕس، سـەرگەردان، تەنهـا و تورهەڵدراوەکانـی کافـکا، لەبـەردەم ئـەم تـۆڕە بێ ڕووخسـار و ساردوسـڕەی بیرۆکراسـیی دەوڵەتی مۆدێرنـدا، گێژ و وێڵ نەبن، بگرە ئەوانەشـی لـە پلەبەندییە سـتوونییەکەی «فەرمان/ گوێڕایەڵی»ـی ئـەم دەزگەیـدا، گوایـە پێگـە و جێیەکیـان هەیـە، هـەر ونبـوو و لەخۆنامـۆ و سـەرگەردانن، ئـەوە بۆیـە ئۆجـالان یەژێـت؛ ئەوانـەی وا لەنـاو دەوڵەتدان، نازانن ئـەو ئامرازەی سـواری بوون، چ

جۆرێکە!(i) ئەمە دیمەنێکی زنجیرە فیلمی (Better Call Saul)ـمان بە بیر دەهێنێتەوە، ئەو چرکەساتەی «جاک»ـی برای «ساول»ـی پاڵەوانی زنجیرەکە، بەم برا سەرکێشەی خۆی دەڵێت یاسا و دادگا لە دەستی تۆدا، وەکوو ئەوە وایە تفەنگێکی لەسەرپێی ئامادە بدرێتە دەست شامپانزەیەکەوە! ڕەنگە ئەوانەشی بە پلەبەندیی ئەم دەزگە ساردوسڕ و بێگیانەی دەوڵەتدا هەڵکشاون، لە شامپانزەیەکی بێئاگا بترازێت، هیچی دیکە نەبن؛ یان خراپتر، مرۆڤبوونیان لەهەناوی بیرۆکراسییەتی دەوڵەتدا تواوەتەوە.

ئەو پاڵەوانانەی کافکا، وا بەرباس دران، هەر بە تەنها کاراکتەری دنیای وێژە نین، بگرە وێنەنوێنی ئەو سوبێکتەن وا لەنێو جیهانی ئەنتیگراسیۆنی زۆرەملێدا گرفتار بووە. لە بەرانبەردا، تاکی کۆمۆنیکاڵ و ئازادی ئۆجالان، کاردانەوەی شۆڕشگێڕانەیە دژ بەم ڕەوشە نالەبارە؛ سوبێکتێک هەڵوەدای مانای نوێیە لە دووتوێی پەیوەندیی ئازاد، دیالۆگ و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتییەوە.

هۆکاری ئەمە ڕوونە، ئەنتیگراسیۆنی زۆرەملێ، پیادەکردنی هێزە بەسەر هەمووواندا. دەسەڵات خۆی لە خۆیدا، سەرکوتکارە، نها لە دنیای مۆدێرندا، ئەم دەسەڵاتەی وا بەهۆی قۆرغکردنی هێزەوە بیچمی گرتووە، بەناو ڕایەڵە ڕەقەکانی بیرۆکراسییەتی دەوڵەتدا چوون تەون بەسەر جەستەی کۆمەڵگەدا کەوتووە، کەواتە لەبنەوەڕا، لەژێر ئەم تەونەدا، پیاوەژۆیەکی هەستپێنەکراوی سەرکوتکردن بەڕێوە دەچێت؛ چونکە بە مانا فۆکۆیەکەی لە ڕەوشێکی وادا،

(i) ئۆجالان: مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیی، بەرگی دووەم، ل ٢٤٩.

ئەوەی هەیە جەنگە یان درێژکراوەی جەنگە، بەڵام ڕەقهەڵهاتووە و ڕەوایەتیی پێ دراوە. ئاساییە وەها ڕەوشێک، مرۆڤ نامۆ دەکات. جا وێنای بکە، دەسەڵات، کە جەنگە بە کپی و خشکەیی، خۆی لە قاوغی دەوڵەت هەڵکێشێت، دەبێت چ جۆرە ئەنتیگراسیۆنێکی زۆرەملێیانە پەیڕەو بکات و چ سوبێکتێکی سەرکوتکار/سەرکوتکراو بەرهەم بهێنێت. ئەوە بۆیە ئۆجالان ئاماژە بەوە دەدات دەوڵەت (قاوغە پاساودراوەکەی دەسەڵات)، نە هاوسەنگڕاگرتنی پێکدادانە چینایەتییەکانە و نە کۆتایی کایۆسیشە.(i) هەروەتر لە گۆشەنیگای ویدا، دەوڵەت دەوروبەر دەکات بە قەسابخانە یان کوشتارگە، کۆمەڵگەیەکی تەمبەڵ، گەوج و ئەقڵانیی درووست دەکات.(ii)

یان بە دەربڕینێکی تر، دەسەڵات، بەوەدا چڕبوونەوە و قۆرغکردنی هێزە، درووستتر بڵێین، کەڵەکەکردنی هێزە لەلایەن چینی سەردەست (سەرکوتکار) و وەدەرنانی چینە لەدەسەڵاتخراوەکانە (سەرکوتکراو)، دەی کەواتە دەلوێت بێژین میکانیزمی دەسەڵات هەر لە بناغەدا سەرکوتکردنە. ئەم پرسە سەردەکێشێت بۆ یەکێک لەو ڕاڤانەی وا فۆکۆ بۆ دەسەڵاتی خستووەتە ڕوو. ئەو دەپرسێت ئەگەر دەسەڵات پیادەکردن(iii) و پاوەجێکردنی(iv) پەیوەندییەکانی هێزێک بێت، داخۆ نابێت بە پێودانگی جەنگ شرۆڤەی بکەین؟ کەواتە لێرەدا لە بری ئەوەی دەسەڵات هەر بە تەنێ وەک ئامرازی

(i) ئۆجالان: مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیی، بەرگی دوو، ل ٢٥١

(ii) هەمان: ل ٢٥٢.

(iii)Implementation.

(iv) Deployment.

سەرکوت وێنا بکەین، دەلوێت بڵێن دەسەڵات کتومت خودی جەنگ، یان درێژە و کلکی جەنگە بەڵام بە ئامراز و کەرەستەی تر.(i)ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسیی هەر ئەوەیە جۆرە جەنگێکی بێدەنگ لەپێناو هێشتنەوەی پەیوەندییەکانی هێزی نێو دەزگەکان، نادادیی ئابووریی و نایەکسانیی نێوان تاکەکان، بەڕێوە ببات.(ii)ئەم ژینگەیە، نە ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیی دەناسێت و نە سوبێکتێکی کۆمۆنیکاڵ دەئافرێنێت، ئاخر نە پەیوەندیی ئازاد لە ئارادایە و نە گفتوگۆی سەربەستانە لە کایەکەدایە؛ هەمووان دەبن بە سامسایەکی جاڕسی تورھەڵدراو. ئەوەی هەیە، هەڵئاواسانی بیرۆکراسییەت و هەڵکشانی سەرکوتکردنە. لە دیدی ئۆجالاندا، سەرکوتی ناوەوە و مانەوە لە دۆخی بەرگریی بەردەوامدا بەرانبەر دەرەوە، هەڵئاوسانی بیرۆکراسیی دەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە.(iii) لایەنی سەرکوتکار، ئەوانەی وا چون شەمپانزەکە بەنێو دەزگەی دەوڵەتدا هەڵکشاون و پاوانی دەسەڵات و سەرمایەیان کردووە، ئارێشەسازیی مەزن سەر پێ دەخەن، چونکە لە دیدی ئۆجالاندا، پاوانی دەسەڵات و سەرمایە، کۆمەڵگە لە بناغەی خۆی دەترازێنن.(iv)

وەک چۆن لە باوەشە ساردەکەی بیرۆکراسییەتی ڕەقی دەوڵەتدا، لە هەناوی تۆڕی بێگیانی ئەنتیگراسیۆنی زۆرەملێی (فەرمان/گوێڕایەڵی)یدا، تاکێکی ملکەچی سەرکوتکراوی سامساڕەنگ

(i) میشیل فوکو: باید از جامعه دفاع کرد (درس گفتارهای کلژ دوفرانس ١٩٧٥-١٩٧٦)، ترجمە: رضا نجف زاده، انتشارات رخداد نو، چاپ اول، تهران ١٣٩٠ص٥٤.

(ii) همان، ص٥٥.

(iii) ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازدیی، بەرگی سێیەم، ل ١٠٠.

(iv) هەمان: ل ٥٧.

دەئافرێنرێت، ئاوایش ئەنتیگراسیۆنی ئازاد، دایەنی لەدایکبوونی تاکی کۆمۆنیکاڵە، چونکە ئەم دایەنە: لە تانوپۆی گفتوگۆی ئازاد، سیاسەت و ئەخلاقی کۆمۆن چنراوە. جا کە بیرۆکراسیەتی هەڵئاواساوی دەوڵەت، کۆمەڵگەی پەژموردە کرد، لەگەڵیدا تاکی ئازاد و کۆمۆنیکاڵیش دەمرێت، ئەوە بۆیە بە دیدی ئۆجالان؛ گرنگترین ڕۆڵی دەوڵەت، لەژیانخستنی کۆمەڵگەیە، ئەویش بە لەکارخستنی گشت شانە ئەخلاقی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە، کە ئامرازی «هەبوون»ی کۆمەڵگەن.(i)

کاتێک تەکنەلۆژیا ئاوێتەی بابەتەکە دەبێت، لەو سەرەوە مرۆڤە تاکرەهەندەکەی مارکۆزە دەبینین. لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، پێواژۆ کەلتوورییەکان، سیاسەت و ئابووریی ئامبازی یەکتر دەبن و سیستەمێک دەئافرێنن، بە خۆهەڵقورتان لە گشت کاروباری ژیانیان، ئادەمیزادەیل هەڵدەلووشێت و هەر قەڵەمبازێک سەرکوت دەکات.(ii) لە کۆمەڵگەی ژێر سایە ساردوسڕەکەی تەکنەلۆژیدا، ئەوە هیچ گشت پەیوەندییەکان جۆرە زۆرەملێی و ناچارییەکی وەهایان پێوە دیارە، لە سەروبیچمی مرۆڤەکانی ناو ئەم ڕایەڵە چنراوانەدا جاڕسی دەبارێت، هەرەوتر لە مارکۆزە وایە بگرە ئاساییە ئادەمیزادەیل لەپێناو ڕاپەڕاندنی کاری دژوار بەڵام زەروور لە دیدی کۆمەڵگەوە، تاکێتیی خۆیان بدۆڕێنن.(iii)هەمان ئەو دۆڕانەی

(i) هەمان: ل ١٠٤.

(ii) هربرت مارکوزه: انسان تک ساحت: ترجمه، محسن مویدی، موسسه انتشارات امیر کیر، چاپ سوم، تهران ١٣٦٢، ص٣٣

(iii) هربرت مارکوزه: انسان تک ساحت: ترجمه، محسن مویدی، موسسه انتشارات امیر کیر، چاپ سوم، تهران ١٣٦٢، ص.٣٧

بە سەر گریگۆر سامسادا هات. چونکە مرۆڤ ناچار کراوە، تاکێتیی خۆی لەپای کارە زەروورەکانی کۆمەڵگەکەیدا بکات بە قوربانیی، ئاخر ئەو تاکێکی ئازاد نییە، بەڵکوو یەکەکی تاکڕەهەندی ئابوورییە و بەهای بوونی خۆی لە ڕێگەی ڕاپەڕاندنی کارە لەپێشینەکانی کۆمەڵگەکەیەوە بەدەست دەهێنێت.

وەها کۆمەڵگەیەک، لەوە گەڕێ پڕوکێنراوە، یان بە مانا ئۆجالانییەکەی کوژراوە، بەڵکوو دەسەڵات بە کۆمەکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی پەیوەندیی گشتیی، جۆرە وەکیەکییەکی ساختە دەسەپێنێت، هەمان ئەنتیگراسیۆنی زۆرەملێ. دەرەنجام دوور نییە پێویستییە کۆمەڵایەتیی و تاکەکەسییەکانی چینی دەسەڵات وەها پێدزە بکەنە نێو خواست و بەرژەوەندیی تاکەکانەوە، لێکجیاکردنەوەیان ئەستەم بێت.(i)لە فەزای گشتیی کۆمەڵگەی کوژراودا، ئەوەی هەیە خواست و پێویستییەکانی چینی سەردەست (سەرکوتکار)ـە، ئادەمیزادەیلی تاکڕەهەندی تەواوە لە ناو سیستەمی کار و بەرهەمهێناندا، لە بەردەم هێزی بیرۆکراسیی (فەرمان/گوێڕایەڵی)ـیدا، نەک هەر دەبێت خواست و پێویستیی خۆیان فەرامۆش بکەن، واتە دەست لە تاکێتیی خۆیان بەر بدەن، بەڵکوو ئەگەر خواست و پێویستییەکانی چینی سەردەست بە خواست و پێویستیی خۆیان نەزانن، سەرگەردانیی، تورەهەڵدان و پەراوێزکەوتن چاوەڕێیانە؛ ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی پرۆسێسی سەرکوتکردن، لە کردەیەکی دەرەکییەوە، کە دەزگەیەک

(i) هەمان: ص ٤٤

پێی هەستێت، دەگۆڕێت بۆ کردەیەکی ناوەکیی/دەروونیی و خودی تاکەکان لە پێناو مانەوەدا پێی هەڵدەستن.

تاک لەم چەشنە کۆمەڵگەیەدا، پێ ناچێت نیاز و پێویستییە مینەویی و فیزیکییەکانی خۆی درک بکات، جا درکیشی بکات، چ سوود، کۆمەڵگەکەی بە شێوازێکی سەرکوتکارانە سیستەماتیک کراوە، لە بەرانبەردا ویژدانی مەسخکراوی خۆی لە ڕێگەی بەدیهێنان و دەستبەرکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگەوە، ئاسوودە دەکات، ئەوێ پێویستییانەی وا بەشی هەرە زۆریان ناپێویستن و ساختەی دەسەڵاتن و دوورونزیک پەیوەندییان بە ژیانی ئازادی تاکەکانەوە نییە، دەرەنجام، بە دەردی مارکۆزە دەیگوت، سەخت نییە دانی پێدا بنێین تاکێکی وا بە (لەخۆنامۆبوون) دووچار بووە.(i)ئەگەر بوێریی بنوێنم ئەوا دەڵێم، لەم ڕەوشەدا چیتر تاک لە پەیوەندییەکی هاوسەنگ و هاوئاهەنگدا نییە لەگەڵ کۆمەڵگەکەی، دەی دەلوێت بشڵێین ئەم تاکە لە ڕایەڵەکانی ئەخلاقەوە ئامبازی کۆمەڵگە نەبووە، بەڵکوو لە گێژاوی تۆڕێک لە بەرژەوەندیی ساختە، ڕەزامەندیی ڕووکەشانە و پاسیڤبووندا تواوەتەوە و وەک بەشێک لە ماشێنی بێهەستی بیرۆکراسیی ڕەفتار دەکات.

هەنووکە کۆمەڵگەیەک، کە سەرکوت تێدا سیستەماتیک بووبێت، چۆن لە سرووشت دەنۆڕێت؟ سەرنج بدە، نها دەردی ئۆجالان دەیگوت، کۆمەڵگە کوژراوە، دەوڵەت ئەم تاوانەی بە هەزاران پاساوەوە لە ئەستۆ گرتووە، جا ڕەوایەتیشی پێ داوە، تۆ وەرە

(i) هەمان: ص ٤٧.

سەیر ئەو پیاوە پفدراوەی لە سای ئەم «دەزگە بکوژە»دا لە دایک دەبێت و لە باوەشی سیستەمی «فەرمان/گوێڕایەڵی»دا گەشە دەکات. زەینی ئەم بوونەوەرە وێنا بکە، کە هەزاران فەرسەخ لە «ویستی ئازاد» و «ژیانی ئازاد»ەوە دوورە، نەک هەر هاوزەمان «چەوسێنەر» و «چەوساوە»یە، «فەرماندەر» و «گوێڕایەڵ»ە، بگرە ئەم سیستەم و نەزمەشی لە کن ئاساییە، ئێستا با بزانین ئەم بوونەوەرە کە دیرۆک هەڵی داوەتەوە سەرووی هەرەمی کۆمەڵگەی چینایەتیی دەوڵەتگەراوە، لای مۆرای پۆکچین چۆن هەڵدەکوتێتە سەر سرووشت، جا بۆچ نا، مەگەر سرووشت ڕووبەرێک نییە بۆ داگیرکردن، وێرانکردن و دەستەمۆکردن، زەینی ئەم بوونەوەرە وای دەبینێت. لای مۆرای بوکچین، دەستەمۆکردن و ڕنینەوەی سرووشت، زادەی دەستەمۆکردن و چەوساندنەوەی کۆمەلایەتییە، پیاوان چون سەرەتا مەشقیان لەسەر چەوساندنەوەی هاوڕەگەز و ڕەگەزی بەرانبەر کردووە، نها هەڵیانکوتاوەتە سەر سرووشت، زەوییان ڕنیوەتەوە، بگرە درزخستنە نێوان ئادەمیزاد و سرووشت، کاری نێرەکان بووە، لێرەدا بوکچین هانا بۆ ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر دەبات تا پتر باباتەکە بکاتەوە؛ خواستی پیاوان ئەوە بوو دەسەلاتی تەواویان بەسەر سرووشتدا هەبێت و گەردوون بۆ ڕووبەرێکی بەرینی ڕاوکردن بگۆڕن، جا بوکچین لە بری «ڕووبەرێکی بەرینی ڕاوکردن»، «ڕووبەرێکی بەرینی کوشتار» بەکار دەهێنێت و دەشلێت بە مەبەست وەهام کردووە.(i)

---

(i) ماری بوکچین: ص ٤٠

## ئەنجام: ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیی، ئادەمیزادی کۆمۆنیکاڵ؛ ئاسۆی بە کۆمەڵگەبوونەوەی کۆمەڵگە

لە دیدی بوکچینەوە نابێت لە دەرەوەڕا، بێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە ناوەکییەکان، کۆمەڵگە قاڵبەندیی زۆرەملێیانە بکرێت، ئاخر شکست دەچنینەوە. بوکچین وای دەبینی دەبێت لێگەڕێین شەپۆلی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، خۆڕسک و خۆسەر، لە کەناردا لەنگەر بگرن، سەروەختێک ویستراوە بە زۆروزۆرداریی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیی بەسەر کۆمەڵگەیەکدا بسەپێنرێت و خەڵکان لە ڕووی ئیدۆلۆژیی، ئەخلاقیی و ماددییەوە ئامادەی گۆڕانێکی بەم چەشنە نەبوون، ڕستێک کارەساتی سامناک بار هاتوون، سەرەنجام لە بری سەرکەوتن، شکست چنراوەتەوە، وەلێ هێزەیلی زۆردار «شکست»یان بە «سەرکەوتن» تۆمار کردووە.(i)ئەم باوەڕەی بوکچین زادەی متمانەی ئەوە بە خودی کۆمەڵگە، کە چون گیانێکی زیندوو، ئەگەر لێی گەڕێن، گوڕی ئەوەی تێدایە خۆی بئاژووێت. هەروەتر بەسەرهاتی شکستی پرۆسێسی «نەتەوەسازیی»ی زۆرەکیی و قاڵببەندیی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوییین لە چێوەی «دەوڵەت/نەتەوە»دا، بە بیر دەهێنێتەوە، پرۆسێسێک بە خۆی و گشت سەرکردە و جەنەڕاڵە پفدراوەکانییەوە کە بیرۆکراسییەتی دەوڵەت و ئیدۆلۆژیی نەتەوەپەرەستیی، چون پاڵەوانێک هەڵیدابوونە ناو دیرۆکی ناوچەکەوە، چەندان کارەسات و کوشتاری مەزن و شکستی ئابڕووبەریان ئافراند، کەچی مارشی «سەرکەوتن»یان دەهۆنییەوە. پاش پتر لە سەدساڵ، تازەبەتازە، لەسەر زاری تۆم باراکی

(i) همان: ص ٧٠-٧١.

نێردەی زلهێزی سەرمایەداریی جیهان، واتە ئەمریکا، بۆ سووریا، دان بەم شکستەدا دەنرێت و پێی لێ دەنێن کە دەسەڵاتی ناوەندگەرا و پێواژۆی نەتەوەسازیی و دەوڵەت/نەتەوە شکستی خواردووە.

دەبێت لەم تەوەرەدا ئەو پرسیارە پێش بخەین داخۆ چارەنووسی بنبڕ وابوو مرۆڤ لەسەر ڕەنجی هاوڕەگەزەکەی خۆی و زیادەی بەرهەم، چڕبوونەوەی دەسەڵات لە قاڵبی دەوڵەتدا بە دەزگەیی بکات و پاشان لەگەڵ سرووشت بکەوێتە زۆرانبازییەوە تاکوو دەستەمۆی بکات؟ ئەم پرسە سەر بۆ ئافراندنی پرسیارێکی سوبێکتیڤیستیانەی قووڵتر دەکێشێت؛ ئەگەر سرووشت کوێرە و بێڕەحم، دەی مرۆڤ بە هەموو کەپووبڵندییەکییەوە کوێر نییە کاتێک ئەوە نابینێت لە وەها جەنگێکدا دەکرێت سەرومڕ و لە ناواخنەوە خودی خۆیشی دووچاری گۆڕانی ڕیشەیی بێت؟ بۆیە مۆرای بۆکچین لێبڕاوانە دەڵێت؛ وەها ئەندێشەیەک کە گوایە چارەنووسی مرۆڤ زاڵبوونە بەسەر سرووشتدا، بە هیچ کلۆجێک خەسڵەتێکی گەردوونیی چاندی مرۆیی نییە.(i)

دەخوازم وەکوو کۆتایی باس بڵێم، ئەم وتارە بە لێگەڕین بەناو هزرینی ئۆجالاندا، ئەوەی نواندەوە کە دەوڵەت و کۆمەڵگەی چینایەتیی، نەک بەرهەمی زەروورەتێکی سرووشتیی، بەڵکوو پێواژۆییەکی دیرۆکیی پەتیی و پچڕانێک بوو لە ڕەوتی پەرەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئادەمیزاددا پێش هات. پچڕانێک، کە لە ڕێگەی پاوەجێکردنی سیستەمی (فەرمان/گوێڕایەڵیی) و گۆڕینی

(i) هەمان: ص ٨٤.

ئەخلاقی کۆمەڵـەوە بـە یاسـای دەرەکیـی، کۆمەڵگـەی لـە ماتـەوزەی خۆبەڕێوبەریـی ئـازاد بەتـاڵ کـردەوە. لێگەڕیـن بەنـاو کۆمەڵگـە بـێ دەوڵەتەکانـدا دەری خسـت، ژینگـەی کۆمەڵایەتیی ئادەمیزادەیل پێش دەوڵـەت، لەسـەر تۆڕێـک لـە پەیوەندیـی ئاسـۆیی، بەرپرسـیارێتیی و هەماهەنگیـی تـاک لەگـەڵ کۆمەڵـدا جێگیـر بـووە؛ هاوکێشـەیەک، کـە لەگـەڵ سـەرهەڵدانی دەوڵـەت، داڕووخـا.

هەروەتـر درێـژەی وتـار، لـە سـایەی لێگەڕینەکانـی ئۆجالانـدا، ئـەوەی بەربـاس دا کـە بەردەوامیـی دەوڵـەت هـەر لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی هێـزی ڕووتـەوە دەسـتبەر نەبـووە، بەڵکـوو پرۆسێسـی دەروونیکردنـەوەی دەسـەڵات کۆمەکێکـی مەزنـی بـەم بەردەوامییـە کـردووە. پرۆسێسـێک، تێـدا دەوڵـەت دەبێتـە کۆدێکـی دەروونیـی/ زەینیـی و ئادەمیزادیش هـەر خـۆی ڕۆڵـی بەرهەمهێنانـەوەی نەزمـی دەسـەڵات وازیـی دەکات. ئەنجامـی کۆتایـی ئـەم ڕەوتـە، دەرکەوتنـی بیچمـی جاڕسـی «مرۆڤـی بیرۆکراسـیزەکراوە»: سـوبێکتێکی لەخۆنامۆ کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە، سرووشـت و تەنانەت خـودی خۆیشـیدا، لـە ڕێگـەی ڕسـتێک ڕێسـای بێگیـان، ڕێوڕەسـمە وشـکەکان و ئەقڵانییەتـی ئامرازییـەوە ڕێـک دەخرێـت. لـەم ڕەوشـەدا ئادەمیـزاد بکەرێکـی ئیرادەگـەرای کۆمەڵایەتیی نـا، بەڵکـوو «کاکردێکی ئامرازیانە»ـیە لـە نێـو دەزگەیەکـی بێڕووخسـاردا.

لە بەرانبەر ئەم ئاسـۆ لێڵەدا، ئایدیای «ئەنتیگراسـیۆنی دیموکراتیی» و «ئادەمیـزادی کۆمۆنیـکاڵ» واتـە؛ تێکەڵبوونێکـی دیموکراتییانـەی ئـازاد، نـەک وەکـوو گەڕانەوەیکـی ڕۆمانتیکانـە بـۆ دیرۆکـی دوور، بەڵکوو وەک پڕۆژەیەکی ئاگامەندانە لەپێناو ئاواکردنەوەی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان و بەرهەمهێنانەوەی سیاسەت وەکوو کردەیەکی بەکۆمەڵ، دەخرێتە ڕوو. ئەم بیچمەی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە، لە سەرووی دەوڵەتەوە، خۆی لە چێوەی تۆڕە خۆبەڕێوبەرییەکان، ئەخلاقی کۆمەڵایەتیی زیندوو و هاوئاهەنگکردنی تاک لەگەڵ کۆمەڵدا، دەئاژووێت. ئادەمیزادی کۆمۆنیکاڵ لەم ڕێکخستنەوە خۆسەرەدا، سوبێکتێکی پەیوەندییخوازە، مانا و بەرپرسیارییەتی نەک لە دەسەڵاتێکی «فەرماندەری»ی دەرەکییەوە، بەڵکوو لە ڕێی بەشداریی ڕاستەخۆ لە ژیانی ئازادیی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست دەهێنێت.

لە سایەی لێکەڕینەکانی ئۆجالاندا، ئادەمیزاد بەو ئەنجامە دەگات، ڕزگاربوون لە سەروسەکوتی مرۆڤی بیرۆکراسیزەکراو، تەنیا ئەوی دەم دەستبەر دەبێت، کە کۆمەڵگە سەرلەنوێ خۆی وەک کۆمەڵگە ببینێتەوە؛ نەک وەکوو شوێنکەوتەی دەوڵەت. واتە کۆمەڵگە خۆی لە وێنەی گۆڕەپانی زیندووی وەرگرتنی بڕیار، ماناسازیی و هاوئاهەنگیی ئازادانە ببینێت. لەم مانایەدا، کۆمەڵگەی ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیی، نە کۆتایی مێژووە و نە گەڕانەوەیەکی خەیاڵپڵاوانەیە بۆ پێش دیرۆک، بەڵکوو وێناکردنی ئاگامەندانەی ئاسۆییەکە بەرەو داهاتوویەک، تێیدا سیاسەت و هێزی خۆڕێکخستن دەگەڕێنەوە بۆ نێو ژیان و ئادەمیزاد لە بوونەوەرێکی پاسیڤی ژێر چەپۆکی نەزمەوە، بۆ بکەرێکی ئازادی دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵ دەگۆڕێت.

ئەخلاق و سیاسەت، لە بزوێنەرە ژیانییەکانی کۆمەڵگەن، لە دیدی ئۆجالانەوە ئەو تەونە گوڕپێدەرەن وا بەردەوامیی و پێشڤەچوون بە کۆمەڵگە دەبەخشن، ڕایەڵی زیندوومانەوەی کۆمەڵگەن، لە

منداڵدانی ئەم ڕایەڵەدا، بەهرەی خۆبەڕێوەبەریی، چارەسەری کێشە و پەیوەندیی ئازاد چەکەرە دەکەن.(i)

باکۆنین باس لەم جۆرە ئازادییە دەکات وا کتومت ئازادییەکە بە پێودانگی چێوەبەندییە یاساییەکان و تەنانەت لە ئازادیی دڵخوازی لیبراڵەکانیش بە دەرە. ئەو ئازادییەی مرۆڤ گرێ دەداتەوە بە شکاندنی گشت بتە زەمینیی (دەوڵەت و دەزگە هاوشێوەکان) و ئاسمانییەکان (پەرستگاکان)ـەوە و لەو وایە دەبێت بناغەی ئەم ئازادییە لەسەر داروپەردووی دەوڵەت ئاوا بکرێت، جا چێکردنی دەزگە و دامەزراوەی خۆسەری بنیادنراو لە سەر گیانی هاوکاریی خۆویستانە و دابەشکردنەوەی دەسەڵات بە شێوازیی ئاسۆییانە لە چێوەی کۆمۆنە فیدراڵییەکاندا، بەردەوامیی ئەم ئازادییە دەستەبەر دەکەن.(ii)

(i) ئۆجالان: مانیفیستۆی کۆمەڵگەی ئازادیی، بەرگی ٣ ل ١٠٤.

(ii) میخائیل باکونین: پنج جستار. ترجمە: شروین طاهری، رضا اسکندری. انتشارات خرد سرخ، چاپ دوم، تهران ١٣٩٦، ص ٣٥-٣٦.

# Freedom of society

مـجلة حـرية المجتمع،

intellectual, political, social & seasonal magazine

## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزا و ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەڵا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com